
# ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٥٠) هاوین (٢٠٢٥)

سیاسیـــــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە

ڕێزێک بۆ
## تیۆدۆر ئەدۆرنۆ



## دیالەکتیکی ئاپۆیی: گیان و داینامیکی داهێنان
جەمیل بایک



## دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ
دەیڤید گرەیبەر



## بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان:
هەڵبەستێک بۆ ژیانێکی باش
سۆمەیە ڕۆستەمپوور

## دەروازەیەک بۆ دیالکتیک
تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

## بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟
شێروان ئیبراهیم

## کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایک:
گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی
عارف ڕێین

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لەسەر دەربڕینی ئەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥٠ هاوین ٢٠٢٥



ڕێزێک بۆ

# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

Theodor W. Adorno

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
شێروان ئیبراهیم
وریا ئەحمەد
سۆمەیە ڕۆستەمپوور
عەلی ئەحمەد
ڕوشدی جەعفەر
کۆسار عەبدوڵڵا
نەجیبە قەرەداخی
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
هاوین ٢٠٢٥

٥٠





**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەلانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com


# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

دیالەکتیکی ئاپۆیی؛ گیان و داینامیکی داهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە
جەمیل بایک ........ ٩

دیالەکتیکی سەرمایە
تۆماس ت. سکین ........ ٦٥

بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسیدایە؟
شێروان ئیبراهیم ........ ٩٧

چەمکی دەوڵەت لە فەلسەفەی مارکس و ئەنگڵسدا
فیلیپ دایر ........ ١١٧

بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان: هەڵبەستێك بۆ ژیانێکی باش
سۆمەیە ڕۆستەمپوور ........ ١٢٧

دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ
دەیڤید گرەیبەر ........ ١٥٩

دەروازەیەك بۆ دیالەکتیك
تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ........ ١٧١

کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایك: گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی
عارف ڕێین ........ ١٧٩

ئەنکیدو! تۆ چۆن بووی بە شارستانیی؟
محەمەد ئەربای ........ ١٩٥

ڕانانی پەرتووکی (شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ)
هەردی دولبەر ........ ٢٠١


## پێشەکی:

گەلی کورد لەسەر ڕێچکەیەکی مێژوویی هەستیاردایە، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و کردنەوەی دەروازەکانی داهاتوو، پێویستی بە چەکدارکردنی زەین بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی هەیە. چیتر ناتوانرێت بە بیرکردنەوەی پارچەپارچە و میکانیزمە نەریتییەکانی ‹کوردایەتی کلاسیک› وەڵامی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانی سەردەم بدرێتەوە. وەک ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان ئاماژەی پێ دەدات، «ماهییەتی هەر دیاردە و شتێک، لەسەر شێوە و دیالەکتیکی بوون و مانەوەکەی شکڵ دەگرێت.» لەم گۆشەنیگایەوە، تیۆریزەکردن و شیکاریی قوڵی واقیع، دەبێتە مەرجی سەرەکیی هەر هەنگاوێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کاریگەر.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هاوکاتە لەگەڵ بڵاوکردنەوە و تاوتوێکردنی «مانیفێستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی ڕێبەری گەلان، ئەمەش ڕێکەوتێکی سادە نییە، ئەمە ئەرکێکی فیکریی و مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان. ئەم هەلومەرجە وایکردووە کە پرسە بنەڕەتییەکانی وەک دیالەکتیک، ململانێی نێوان مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە و بەدیلی نەتەوەی دیموکرات، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی و کۆمۆن، لە هەر کاتێک زیاتر ببنە ڕۆژەڤ و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ بێت.

ئەم ژمارەیەی ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هەوڵێکە بۆ چنینێکی تیۆریی-فیکریی لە دەوری ئەو چەمکە سەرەکییانە. بابەتەکان سەکۆیەکن بۆ دیالۆگێکی فرەڕەهەند، کە لە ڕەخنەگرتن لە دیالەکتیکی سەرمایە و دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات، و دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی ململانێی مێژوویی نێوان ‹دەوڵەت› و ‹کۆمۆن›، تا دەگاتە تاوتوێکردنی ڕێگاچارە و بەدیلەکانی سیستمی هەژموونگەرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێزی ئەم ژمارەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەشدارییان لەم دیالۆگە فیکرییەدا کردووە. بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە، خوێنەر بانگهێشت دەکەین بۆ گەشتێک کە لە شیکاریی تیۆرییەوە دەست پێ دەکات، بە شیکاریی واقیعدا تێدەپەڕێت و بە ئاسۆی چارەسەریی کۆتایی دێت. هیوادارین ئەم ژمارەیە ببێتە کەرەستەیەکی بەسوود بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بنیادنانی ژیانێکی ئازادتر.



# دیالەکتیکی ئاپۆیی؛

## گیان و داینامیکی داهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە

جەمیل بایک





هاوکێشەی 5W 1H کرۆکی و میکانیزمی نووسین و پێشکەشکردنی هەواڵ دەستنیشان دەکات. هیچ هەواڵسازییەک بەبێ ئەوە ناکرێت. ئەگەر بشکرێت، ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ئەم یاسا و هاوکێشەیە لە دروستکردنی هەواڵ دەربارەی ڕووداوێک، یان گۆڕانکارییەک و ڕووماڵکردنی ڕاستییەکان، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لێی، ئەزموونوەرگرتن و ئاڕاستەدان بە ڕووداوەکاندا، گرنگە. ئەگەر دووان لەو شەش ڕەگەزە کەم بێت، یان (کێ)یەکەی نەبێت، یاخود هەر یەکێکیانی نەبێت، دیارە هەواڵەکە ناساز و لێڵ دەبێت و کەسیش ئەنجامێکی لێ وەرناگرێت.

لە پلاندانانـدا ئەگەر کۆنترۆڵی داتاکان نەکرێت، ئەوا ئەستەمە پلاندانانەکە تەواو و بەپێی پێویست و ئەنجامهێن بێت. دەتوانین هەمان چوارچێوەی هەڵسەنگاندن بۆ ڕاپۆرتەکانیش دابنێین. دەکرێت چالاکییە جەماوەریی و سەربازییەکانیش لە هەمان چوارچێوەدا هەڵبسەنگێندرێن کە بە دڵنیاییەوە بە شکست ئەنجامگیر دەبێت، ئەم یاسایە لە هەموو جۆرە توێژینەوەیەکی سیاسیی و دیپلۆماسیی و کۆمەڵایەتیی و سەربازیی و یاسایی... هتددا بەدی بکەین. با بە شێوەیەکی سادەتر دەری ببڕین؛ گەر ڕێکەوت وەلا بنرێت، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەنجامەکەی شکست دەبێت.

بۆچی؟ چونکە سرووشت و کۆمەڵگە بەپێی پرەنسیپە دیالەکتیکیی-ماتریالیستییەکان کار دەکەن. لە بەرجەستەوە دەست پێ ناکات، سەیری هەمووێتیی ناکات، لە هەموو گۆشەیەکەوە بۆ کێشەکان ناڕوانێت، گۆڕان و وەرچەرخانەکان نابینێت. سەرنج

ناخاتە سەر ناکۆکیی نێو سەرچاوەی کێشەکان، چۆنێتییەکانیان، ڕەوتی گەشەی مێژوویی و داهاتوویان و شوێنەکانیان. بە کورتیی، بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی مامەڵە لەگەڵ کێشەکان ناکات. ئەمەش لە کاتێکدایە، خودی سرووشت و کۆمەڵگە بەپێی بنەماکانی دیالەکتیک کار دەکەن. ئەگەر سرووشت-کۆمەڵگەیەک هەبێت و بەپێی پرۆسەی دیالەکتیکیی کار بکات، هەر کێشەیەکیش تیایدا سەر هەڵبدات، گەر بەم ڕێبازە هەڵنەسەنگێندرێت، ئەوا نەک تەنیا بە چارەسەر ناگات، بەڵکوو دەشێت قووڵتریش بێتەوە.

باشە ئەو میتۆدە دیالەکتیکییە چییە وا ئەوەندە دەبێتە پێناسە و شیکار و کلیلی چارەسەری هەموو کێشەیەک؟ کەواتە پێویستە لێرەوە دەست بە تاوتوێی دیالەکتیک بکەین.

## پرۆسەی دۆزینەوەی دیالەکتیک و گرنگییەکەی

بە تایبەت لەم ژینگەیەدا کە بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان پڕە لە مەترسیی و دەرفەت، لە هەموو کاتێک زیاتر واتا و گرنگیی هەبوونی تێگەیشتنێکی دیالەکتیکییانەی درووست و کاریگەر، هاتووەتە پێشێ.

دیالەکتیک فەلسەفە یان شێوازێکی بیرکردنەوە نییە لە دەرەوە بە سەر مرۆڤدا سەپێندرابێت. بەڵکوو پرۆسەیەکە لە نێو هەبوونی مرۆڤدا، لە پەیوەندیی و ناکۆکییەکانیدا، لە کۆمەڵگە و سرووشتدا. دۆزینەوەی یاسا بنچینەییەکانی ئەم درووستبوون و گۆڕانە و وەرچەرخانە بەردەوامەکەی لە ئانوساتێکدا و لە قۆناغی ژیانی





کەسێکدا دەرنەکەوتووە. ئەنجامی گواستنەوەی ئەو ئەزموونە پڕ لە ڕەنج و ئازارەیە وا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دۆزراونەتەوە و هەوڵی شیکارکردنی هۆکارەکانی دراون.

بێگومان ئەم پرۆسەیە لە سرووشت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکات. لە سرووشتدا، یاسا یەکلاکراوەکانی فیزیا و کیمیا بەکارن. ئەم یاسایانەی سرووشت بەلایەنی کەمەوە لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی وەک یەکن. بەڵام لە کۆمەڵگەدا جیاوازە. قۆناغی مێژوویی و دابونەریت و... هتد، پەردە لە سەر زۆر جیاوازیی بنەڕەتیی هەڵدەدەنەوە. هەر بۆیە دیالەکتیکی کۆمەڵگە جیاوازە. مەیلی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کەلتووریی لەچاو کاریگەریی جوگرافیا نەرمتر و پێکەوە خۆیان بە شێوەی فرەڕەنگ دەردەخەن. ئەمانە هەن و بەکارن. بەڵام بۆ تێگەیشتن لەمانە، پێویستمان بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرە.

دیاردەی زیرەکیی دەستکرد کە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، چەند ساڵێکە مشتومڕ لە ئەرێنیی یان نەرێنیبوونی دەکرێت، دەتوانین بێژین بە شێوەیەکی گشتیی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی مرۆڤی سەرەتایی بە ڕوانین لە ڕووداوەکانی دەوروبەری پرسیاری ‹چی، چییە؟›ی هێنایە کایە. لەو کاتەوەی شەو و ڕۆژ، سەرما و گەرمای لێک جیا کردەوە و بۆ پاراستن و بەرگریی لە خۆی لقێکی لە دارێک کردەوە. بە کورتیی پێ دەچێت وەبیرهێنانەوەی یەکەم قۆناغەکانی بە مرۆڤبوون یارمەتیدەری دۆزینەوەی ڕێ و ڕێباز بێت بۆ چارەسەری کێشەکان.

ئەو دەمە مرۆڤ خۆی و هەموو شتێکی دەرەوەی خۆی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، کە لە جیهانی ئاژەڵان جیا بووەتەوە. هاوشێوەی هەرەتی فێربوونی منداڵ، هەوڵیان داوە وەڵامی مەراقەکانیان بدۆزنەوە. ڕاستییەکەی هەموو مەراقێک پرسیارێکە، هەر پرسیارێک هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی مەراقەکەی. ئەمە لە بنەڕەتدا گەڕانێکە و پەیوەستە بە کارکردنی سرووشت و مرۆڤایەتیی و کۆمەڵگەوە. بۆچی خۆر هەڵدێت، سوودی چییە، بۆچی تاریکیی ڕوو دەدات، بۆچی و چۆن باران و بەفر دەبارن؟ جیاوازیی نێوان گەرم و سارد و ئارەزووی سوودوەرگرتن و پاراستنی خۆی لە هەردووکیان بە شێوەیەکی سەرەکیی مێشکی ئاڕاستە دەکات بۆ چارەسەری ئەو پرسیارانەی کە ئەوانە چین و چۆن و بۆچی دروووست بوون.

بە کورتیی، پاش ئەوەی مرۆڤ پرسیاری ‹چی، چییە، چۆن›ی کرد، ئەوجار دەڵێت؛ لە کوێ و کەی و پرسیاری کات و شوێن دەبێت بە باسوخواس. دەست دەکات بە پرسیار لەمەڕ بوونی خۆی و دەوروبەری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵانی کڵانی دەوروبەری و زۆر شتی تر، دەست دەکات بە دۆزینەوەی وەڵامی خۆیی. هەندێک جار بە ئەزموونەکانی، وەڵامی وەهاش دەدۆزنەوە تا باوەڕ بە خۆیان دەهێنن. دوای ئەو وەڵامانەی؛ لە بوونەوە بەدوایی نەبوو و نادیاردا دەگەڕێت. دەست دەکات بە بیرکردنەوەیەک کە هێزێکی نەبینراو لە پشت هەموو هۆکار و ئاڕاستەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانەوە. چونکە مرۆڤ هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتووە کە بە پێناسەی جیهان،





گەردوون، خۆر، ئەستێرەکان، مانگ، سەرما، گەرما، باران، بەفر و... هتد و پێکهاتە، جووڵە و پەیوەندییەکانی بزانێت. هەر بۆیە هەوڵی داوە بە میتۆلۆژیا پێناسەی سرووشت و کۆمەڵگە بکات.

لەگەڵ گەیشتن بە قۆناغی شارستانییەتی دەوڵەت، ئەو تاکانەی چینی فەرمانڕەوا توانای بیرکردنەوە و پرسیاریان هەبووە، دەستیان کردووە بە درووستکردنی بیرۆکە دەربارەی سرووشت و بنیاد، بەڕێوەبردن، بەرهەمهێنان، هاوبەشیکردن، یاسا و... هتد. ئەم گرووپانە، کە لە چینی کاست، هۆز و خێڵەوە دەرکەوتوون، دەستیان کردووە بەوەی هەموو شتێک بە خوداوەند و پاشاخواوەندەکان شرۆڤە بکەن. بەوەش هەوڵیان داوە گەرەنتیی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بکەن.

سەرەتا مرۆڤ لە دووبارەبوونەوەی بێشوماری کردار و ئەزموونەکانییەوە فێری نابەرجەستەکردن، هێما و سیمبۆڵکردن بووە. ئەم بنەمایەی لە مەیل و بنچینەی پێکەوەژیاندا بۆ گەشەپێدان و گۆڕینی بوونی خۆی بەکار هێناوە. سرووشت و پێکهێنانی کۆمەڵگەیان لا بووە بە مەراق. هەستکردنیان بە جیاوازیی نێر و مێ پەرەسەندنێکی بنەڕەتیی بووە لە بنیادنانی کۆمەڵایەتییدا. ئەم پرۆسەی فێربوونە سەرەتا بە لاساییکردنەوە دەستی پێ کرد و ئەزموونی درووست کرد، بەپێی کات گۆڕا بۆ ڕوونکردنەوەی میتۆلۆژییانە.

درووستبوونی جیهان، زەوی و ئاسمان، خۆر و مانگ، دەریا، با و... هتد، هەموویان لە ئایینە جیاوازەکان یاخود لە

میتۆلۆژیـای گەلانـدا بـە ئاسـتێک گەیشـتوون، کـە گوزارشـت لـە خەونـە هاوبەشـەکانی سـەردەمی منداڵیـی مرۆڤایەتییـش بکـەن. بـە تایبـەت چینـە فەرمانڕەواکان بـۆ ئـەوەی بتوانـن ببـن بـە دەسـەڵات و دەسـەڵاتەکانیان هەمیشـەیی بکـەن، پەنایـان بـۆ جـۆرە هەوڵدانێکـی وەهـا بـردووە. بەگوێـرەی پێناسـەکانیان بـۆ سرووشـت، دەسـتیان کـردووە بـە پێناسـەکردنی کۆمەڵگـەش.

## بەسـەرهاتی لەدایکبوونـی فەلسـەفە بـە پرۆسـەیەکی وەهـا دەسـت پـێ دەکات.

تـا دێت ڕوونکردنەوەکانـی سـەبارەت بـە سرووشـت و کۆمەڵگـە جیاواز دەبن. هەندێکیـان دەسـت دەکـەن بـە ڕوونکردنـەوەی هەمـوو شـتێک بـە میتۆلۆژیـا و دواتریـش ئاییـن. بێگومـان ئـەو کاتـەی بڕوایەکـی ڕەهـا بـە میتۆلۆژیـا هێنـدراوە و گێڕانـەوەکان ناسـنامەی ‹تاکـە ڕاسـتی›یان پـێ دراوە، ئیـدی کـرۆک، سـنوور و چوارچێوەی ئایین گەیشـتووە بـە ڕوانینێکی گشـتگیر و دیـاری کۆمەڵگە-جیهانیی.

لەگـەڵ ئـەوەش هەندێـک بۆچوونـی تریـش هاتوونەتـە کایـەوە و هەوڵیـان داوە ڕووداوەکان، سرووشـت و کۆمەڵگـە بـە خـودی تـاک ڕوون بکەنـەوە. هەمـوو ئەمانـەش بـە شـێوەیەکی گشـتیی لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانی سـەدان هـەزار سـاڵەدا وەبـەر هاتوون.

دیالەکتیـک چییـە؟ لـە ڕووی ڕەگوڕیشـەوە؛ نیشـتمانی دۆزینـەوە و تێگەیشـتنی دیالەکتیـک کوردسـتانە. ڕێبەرایەتیـی ئامـاژە بـەوە دەکات کـە دیالەکتیـک لـە «دوو – دووانـە»ی کوردییـەوە هاتـووە، لـە ئەورووپـاش دەبێـت بـە «دیـا». ڕیشـەکەی ئاریانییـە. ئـەوەی پێـی دەوترێـت ‹دیالەکتیـک› دەبێـت بـە ‹دوو› نـاو ببرێـت. بابەتـی ڕووناکیـی و تاریکییەکـەی ئایینـی زەردەشـتیی؛ بـووە بـە فەلسـەفە... ڕیشـەکەی کوردسـتانە، بـەڵام ئـەو شـوێنەی چەمکەکـەی تیایـدا بـە فۆرمێکـی سیسـتماتیک گەیشـتووە؛ یۆنانـە.

بێگومـان ئەمـە هـۆکاری خـۆی هەیە. چونکـە پاش ناپاکیی هەرپاگۆس و ژێردەسـتەکردنی مـادەکان لەلایـەن فارسـەکانەوە، وا لـە کـورد کـرا بەرهەمەکانـی خۆشـیان بەبیر نەیەتـەوە و خۆشـیان بە خاوەنـی نەزانن.

لـە قۆناغـی بەدەوڵەتبوونـدا لـە یۆنـان، بـە قسـە یاخـود گفتوگـۆی نێـوان دوو کـەس گوتـراوە ‹دیالۆگـۆس›. ڕاسـتییەکەی ئەگـەر کەمێکـی تـر ڕاوەسـتەی لەسـەر بکرێـت، دەبینـدرێت یەکێـک لـە بنچینەیتریـن هۆکارەکانـی بەمرۆڤبـوون؛ قسـەکردنە. دیـارە قسـەکردنیش داهێنانـی تاکەکەسـێک نەبـووە، بەڵکـوو وەک بەرهەمێکـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان پەیـدا بـووە. هەڵـە نییـە ئەگـەر بڵێیـن؛ مرۆڤبـوون بـە واتـای قسـەکردنی کەسـێکە لەگـەڵ کەسـێکی تـر. کەواتـە جەوهـەری ژیانـی دیالەکتیکییـە و سـەرچاوەکەی لـە دیالۆگۆسـەوە وەرگرتـووە. دیـارە هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارە بـووە دیالەکتیکیـان بـە وتووێژکاریـی و هونـەری گفتوگـۆ پێناسـە کـردووە، بـەڵام ئەمانـە مشـتومڕی پـووچ و بێواتـا نیـن، وتوێـژکاران لـە ڕێگـەی ئـەم گفتوگۆیـەوە هەوڵیـان داوە ڕاسـتیی و هەقیقـەت بدۆزنـەوە. بەهـۆی واتـا و گرنگییەکەیەوە لە قۆناغی مێژوویـی ژیانـدا، وشـەی دایالـۆگ بـووەتـە چەمکێکـی بـاو و هاوبـەش کـە

زۆربـەی گەلانـی جیهـان بەگوێـرەی زمانـی خۆیـان بەکاریـان هێنـاوە.

هیراکلیتـۆس پرۆسـەی دیالەکتیکیی بـەم شـێوەیە پێناسـە کـردووە، «بنیـادی گەردوونیی بۆ یەکەمجـار بـە ململانێی دژبەرەکانـەوە بەدی هاتـووە». ماددەی بە بنچینـەی هەمـوو شـتێک دانـاوە. بانگەشـەی بۆ ئـەوە کـردووە مـاددە سـەرچاوەی هەمـوو پێشـکەوتن و فرەڕەنگیـی و ناکۆکییەکانـە. دەسـتەواژەی «لـە یـەک شـت، زۆر شـت و هەمـوو شـتێک» ئـەم دۆخـە زۆر سـەرسـووڕهێنەرتر نیشـان دەدات. ئـەوەش هـەر هیراکلیتـۆس بـووە کـە گوتوێتـی «کـەس ناتوانێـت دوو جـار پـێ بخاتـە یـەک ڕووبـارەوە». وادیـارە بەدەگمـەن کـەس هەیـە نەزانێـت هەمـوو ئـەو پەروەردەیـەی سـوکرات لـە ئەکادیمیاکانـی لـە باخچەکەیدا دایدەمەزرانـد، لـە سـەر بنەمـای دیالـۆگ بـووە. بـە ڕێبـازی دیالـۆگ ناکۆکییەکانـی چارەسـەر کـردووە، شـتی ڕاسـت و نوێـی بـە کەسـی بەرانبـەر داوە. خـودی خـۆی بـە ڕێبـازی دیالـۆگ و گفتوگـۆ ناکۆکیـی و هەڵەکانـی بەرانبەرەکـەی دەردەخـات و بەمـەش دەڵێـت «لەدایکبـوون». چونکـە بـە دیالـۆگ و گفتوگـۆ هاوکاریـی کەسـی بەرانبـەر دەکات تـا بـە بیروڕای خۆیدا بچێتەوە. ڕاسـتییەکەی ‹لەدایکبـوون›ی بیرۆکـەی نـوێ بـەم ڕەنگەیـە.

ئەفڵاتوون فەیلەسـووفێکە و هەڵسـەنگاندنی لەمەڕ دیالەکتیک هەیە. ئـەو ئـاوا پێناسـەی دیالەکتیـک دەکات: «هونەرێکـە بـۆ گەیشـتن لـە بیسـتراو، بینـراو و زانیارییەکانـەوە بـە نادیـارەکان». هاوکات هەندێک فەیلەسـووفیش هـەن کـە دیالەکتیک بـە هـەرزان وەردەگرن و ڕەتـی دەکەنـەوە. ئەریسـتۆ یەکێکـە لـە پێشـەنگەکانی ئـەو ڕێبـازە. ئەریسـتۆ





دیالەکتیک بـە لۆژیکێکـی ئەقڵ و خەیاڵکردنێک پێناسـە دەکات کە زۆر بـە وردیـی و بـەردەوام گفتوگۆ و توێکاریـی دەکات، بـەڵام ئەنجامێکی باشـی نییـە و ئەنجامـەکان بـە ئاڕاسـتەی هەڵـە و چەوتدا دەبـات.

لێـرەدا بـۆ تەواوکردنـی بابەتەکـە پێویسـتە بـە کورتیـی باسـی ماتریالیزمیـش بکەیـن. لـە کاتێکـدا مـرۆڤ هـەوڵ دەدات ڕووداوەکانـی دەرەوەی خـۆی بخاتـە ژێـر پرسـیارەوە، زۆر لـەوە ورد بوونەتـەوە کـە چـی لـە سـەرچاوەیدا هەیـە. لـە کۆتاییدا گەیشـتوونەتە ئـەو دەرەنجامەی هەمـوو بوونەوەرەکانـی گەردوون لـە تێکەڵەیـەک لـە «خـاک، ئاو، هـەوا و ئاگـر» پێـک هاتـوون. پـێ دەچێت بۆ یەکـەم جار، لوکرێتیوس باسـی ئەتۆمەکانـی کردبێـت. باسـی ئـەوەی کردبێـت کـە ئەتۆمـەکان بنچینـەی هەمـوو بوونەوەرێکـن و لـە دۆخـی جووڵـە و گـۆڕان و پێکهاتـەی جیـاوازدا بوونیـان هەیـە. بـەم شـێوەیە بناغـەی فەلسـەفەی دیالەکتیک و ماتریاڵیسـتیی دانـراوە. هیـگڵ یەکـەم فەیلەسـووفە کـە لـە سـەردەمی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییدا دیالەکتیکـی دۆزییـەوە و پێناسـەی کـرد و بـەو پێیـە بیـری کردووەتـەوە. دواتـر مارکـس و ئەنگلـس دەڵێـن؛ دیالەکتیکـە، بـەڵام ئایدیالیسـتییە، تەنیـا دیالەکتیکەکـەی لـێ وەردەگـرن و ماتریاڵیزمـی بـۆ سـەربار دەخـەن. مارکـس لـە هەڵسـەنگاندنێکدا جیاوازیـی دیالەکتیکـی خـۆی و هیـگڵ بـەم شـێوەیە پێناسـە دەکات: «میتـۆدی دیالەکتیکـی مـن نـەک هـەر جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی هیـگڵ، بەڵکوو لە بنەڕەتدا دژبەرییەتی. بە بۆچوونی هیگڵ، ئەو بیرۆکەیەی بەنـاوی ‹ئایدیـا›-وە کردوویەتـی بە بابەتێکی کرۆکییانـەی سـەربەخۆ؛ خوڵقێنـەری جیهانـی ڕاسـتەقینەیە... بـە بۆچوونـی منیـش؛ ئایدیـا بـە

پێچەوانەوە، جگە لەو جیهانە ماددییەی نێو ڕەنگدانەوەکانی زیهنی مرۆڤ کە وەری چەرخاندووە بۆ شێوەکانی فیکر، هیچی تر نییە». ئەنگلسیش بەرگریی لەم بیرۆکەیە دەکات. ئەنگلس لەگەڵ مارکس هەوڵ دەدات لە هەندێک لە هەڵسەنگاندنەکانیدا بۆچوونە زبرەکانی پێشووی سەبارەت بە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکیی بگۆڕێت و تێپەڕی بکات. هەوڵی داوە لە پەرتووکەکانی ‹دیالەکتیکی سرووشت›، ‹دژەدورینگ› و ‹بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت›دا، هەندێک ڕاستکردنەوە بکات. مارکس و ئەنگلس ماتریاڵیزمی دیالەکتیکییان بە سەر مێژوودا پەیڕەو کردووە و هەوڵیان داوە مێژوو بە میتۆدی زانستیی شیکار بکەن. لینین بە شوێن پێی مارکس و ئەنگلسدا دەڕوات و هەوڵ دەدات قووڵایی زیاتر درووست بکات. لینین دیالەکتیک وەک «ڕۆحی شۆڕشگێڕیی و هێزی داهێنەریی مارکسیزم» پێناسە دەکات. چەندین شاکاری سەبارەت بەم بابەتە نووسیوە. ستالینیش ماتریاڵیزمی دیالەکتیکیی تا کۆتا قەبا کردووەتەوە و نوقمی فۆرمولەی کردووە. ئەم جۆرە بۆچوونانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە ڕووخانی سۆسیالیزمی بنیادنراو.

ئەگەر بمانەوێت بە کورتیی پێناسەی بکەین: دیالەکتیک میتۆدی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنە لە ڕووداو و دیاردە و پەرەسەندنەکانی سرووشت و کۆمەڵگە.

لە کوێدا هەڵە کرا؟ پەیڕەوکردنی ڕێکارەکانی دیالەکتیکی سرووشت بە سەر کۆمەڵگە و مێژوودا لەلایەن مارکسیستەکانەوە، یەکێکە لە یەکەمین هەڵەکانیان و جۆرێکە لە بەسەرداکردنێکی





قەبا. بۆ نموونە، هەمیشە مێژوو وەک شەپۆلێک بەرەو پێشێ و بە پێویستییەکی «یاسای بەزۆر شیاندن»ی دادەنێن. لێرەدا دەکرێت باسی ئەوە بکرێت کە کەوتوونەتە ناو دیترمینیزمەوە. چینایەتیی، کۆیلایەتیی و دروستبوونی دەوڵەت بە «یاسای بەزۆر شیاندن» پێناسە دەکەن. وەها دەستنیشانی دەکەن گوایە کۆمەڵگەی سەرەتایی، کۆیلەداریی، دەرەبەگایەتیی و سەرمایەداریی بە ناچاریی بە شوێنی یەکتردا هاتوون و لە دوای سەرمایەدارییش دەگات بە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیی، ئەمەش بە لێکدانەوەیەکی ڕاستەهێڵیی و دیترمینیزمی و قەدەرگەرایانە دەکەن. چونکە دەڵێن ئەوەی مێژوو دیاریی دەکات، لە دەرەنجامی ناکۆکیی و دژایەتیی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، هێزە بەرهەمهێنەرەکان پەیوەندییە کۆنەکان بەجێ دەهێڵن و مێژووش بەرەو پێش دەچێت. هەموو ئەمانەش بە پرەنسیپی (ژێرخان؛ سەرخان دەستنیشان دەکات) ڕوون دەکەنەوە. لەم بۆچوونەدا وەک چۆن کاریگەریی (ماددە داتای یەکەمینە و بیرکردنەوەش دووەمین) هەیە، کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ماتریاڵیزم، ئەوا کاریگەرییەکی بەرچاوی ئەوەش هەیە کە چاوپۆشیی لە مرۆڤ و بیری مرۆڤ دەکات و بە ڕەنگدانەوەیەکی قەبا لێکی دەداتەوە.

لە مانیفێستۆی کۆمۆنیستییدا بە هۆی ڕۆڵی لە گەشەی سەرمایەداریی و شکستی دەرەبەگایەتییدا؛ ستایشێکی زۆری بۆرژوازیی دەکرێت. دەگەن بەو هەڵسەنگاندنەی کە «سۆسیالیزم بەبێ ئەزموونکردنی سەرمایەداریی، بەدی نایەت». بەمەدا دیارە

کە ڕاستییەکەی بەها کۆمیناڵییەکانی کۆمەڵگە نابینن. هاوکات وێرانکردنی پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهەمهێنان لە هندستان لەلایەن سەرمایەداریی تالانکار و داگیرکەرەوە، بە پێشکەوتن لەقەڵەم دەدەن. چونکە ئەمە بە هەڵەداچوونێکی ڕیشەییانەی ئەوانە کە هاتنی سۆسیالیزم بەبێ هەنگاوەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداریی، دەرکەوتنی چینی کرێکار و شەڕی چینایەتیی لێک نادەنەوە. چونکە مێژوو تەنیا لە شەڕەکانی چینایەتییدا دەبینێت.

## قۆناغی هاتنی دیالەکتیکی ئاپۆیی

ڕێبەر ئاپۆ، لە ڕێگەی پەرتووکی (ئەلفوبێی سۆسیالیزم)ی لیۆ هابرمانەوە، بە بیرۆکەی سۆسیالیزم و هاوکات دیالەکتیک و ماتریاڵیزم ئاشنا دەبێت. پاش ڕێکخستنی تێکۆشانی ئازادیی لە کوردستان، سەبارەت بەوەی لە بەرەی سۆسیالیزمی بنیادنراودا ڕووداوەکان ئاراستەیەکی باشیان نییە، دەگاتە چەند دەرئەنجامێک، بەڵام لەجیاتی هەڵوێستێکی توندی ڕەتکردنەوە، ڕێبازێکی ڕەخنەگرانە و بەمەودا بەهەند وەردەگرێت. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ژیان خستنە بەر لێپرسینەوە، لای ڕێبەر ئاپۆ بووە بە خەسڵەتێک. تێبینیی دەکات ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی باشدا ناڕۆن، بەڵام پەلە ناکات لە گەیشتن بە ئەنجام و دانانی پێناسە و بەردەوام دەبێت لە توێژینەوە و بەدواداچوونەکانی. پاش قۆناغی گرووپی ئایدیۆلۆژیی و گرتنەبەری تێکۆشانی سیاسیی و کرداریی، بە کردار هەموو





زانیارییەکانی ئەزموون دەکات. لە سایەی ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی پراکتیکی شەڕی شۆڕشگێڕانەی لە هەشتاکاندا، هەوڵ دەدات زیاتر پەرە بە لێکۆڵینەوەکانی بدات و بە ئەنجامێکی بگەیەنێت.

لەم بابەتەدا ڕاشکاوانەتر ڕەخنەکانی دەردەبڕێت و دەستنیشانی دەکات کە لە دۆخی بەردەوامییەکی بەو چەشنەدا، سۆسیالیزمی بنیادنراو (واقیعیی) هیچ ئایندەیەکی ئەرێنیی نابێت. هەڵوەشانەوە و ڕووخانی سۆسیالیزمی بنیادنراو (واقیعیی) ئەم پێشبینیانەی ڕێبەر ئاپۆی پشتڕاست کردەوە. هەرچەندە لە ساڵانی نەوەدەکاندا و پاش هەڵوەشانەوە و ڕووخانی بەرجەستەی سۆسیالیزمی بنیادنراو، لێپرسینەوەکانشی نەکردبێت بە پارادایم، بەڵام تێبینیی و شیکردنەوەی گرنگی خستە ڕوو. لەو ڕاپۆرتە سیاسییەی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی PKKی ناردبوو، شیکردنەوەیەکی گشتگیر و بەرفراوانی لەمەڕ سۆسیالیزمی بنیادنراو (وقیعیی) و هەڵسەنگاندنێکی بۆ فەلسەفەکەی کردووە. بۆ یەکلاکردنەوەی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی-سیاسیی، هەوڵ دەدات خۆی لە لایەنە نەرێنییەکانی سۆسیالیزمی بنیادنراو ڕزگار بکات. لە ڕاپۆرتی سیاسیشی کە بەر لە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی بۆ کۆنگرەی شەشەمی PKKی ناردبوو؛ ڕایگەیاندبوو؛ بەهۆی ئەو کەموکوڕیی و ناتەواوییانەی هەبوون، دەست لە PKK دەکێشێتەوە. ڕاستییەکەی ئەمە لە ئاستی پەیامێکی ئاشکرادا بوو بۆ ڕزگارکردنی PKK لە کاریگەرییەکانی سۆسیالیزمی بنیادنراو. بەڵام لە قۆناغی ئیمراڵیدا گەیشت بە دابڕانی ڕیشەیی لە سۆسیالیزمی بنیادنراو.

تەنیا بە گوتارێک مەحاڵە شیکارەکانی ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە ماتریالیزمی دیالەکتیکیی، بە شێوەیەکی گشتگیر و بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، بخەینە ڕوو. لێرەدا تەنیا دەتوانین تیشک بخەینە سەر هێڵە گشتییەکانی بەشێک لە بابەتەکە. ئەوەی تر بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی بەرفراوانە. پێویستە و دەبێت بکرێت. چونکە تێگەیشتنێکی فەلسەفییانەی هەیە کە ئەنجامگیرە و ڕەسەنایەتییەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

هەوڵە مێژووییەکەی ڕێبەر ئاپۆ لە ٢٧ی شوبات، شەڕی ئیسرائیل و ئێران، شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا، شەڕی پاکستان و هندستان، ڕووداوەکانی غەززە، شەڕی ناوخۆی سوودان، خواست و ئارەزووی توندی هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ سووتاندنی جیهان لە نێو ئاگری شەڕدا، مەترسیی ئەتۆمیی، تێکدانی هاوسەنگیی ژینگەیی، برسێتیی، هەژاریی و کوشتنی ژنان و... هتد، ڕۆژانە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی لە هەمووان دەکات. بەڵام ژنان، منداڵان، گەلان، ڕەنجدەران و توێژی بێکار و نەدارەکانن کە لەو هەموو ئاڵۆزیی و شەڕانە زیانمەندن و زیاترین ئازار دەچێژن. بارگرانی ئەم قەیران و گێژاوە بە یەکسانیی بە سەر هەموو لایەکدا ناشکێتەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە هەوڵ دەدرێت قورسترین باری بە سەر بەشەکانی دەرەوەی دەوڵەتدا بشکێندرێتەوە.

ئەو چین و توێژانەی گەورەترین زەبری مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییان بەرکەوتووە، هێشتا نەیانتوانیوە بەدیلێک بۆ





ئەو سیستەمە بدۆزنەوە و لە بوارەکانی ئابووریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی و ئەخلاقیی و... هتددا نەگەیشتوون بە ئاستی تەواو و تێپەڕاندنی سیستەم.

بە درێژایی مێژوو چەندین قەیران و گێژاو ڕوویان داوە. بەگوێرەی کاریگەریی ئەم جۆرە قۆناغانە لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی دەرچوون لە قەیران و گێژاو دەکرێت. تاوتوێ دەکرێت. بەر لە هەموو شتێک هەوڵ دەدرێت پێناسەیەکی ڕاست بۆ بارودۆخەکە بکرێت، بە شێوەیەکی بنچینەییانە هۆکارەکان شیکار بکرێن و لە ڕووی زیهنییەوە ڕێ و ڕێبازی خۆڕزگارکردن بخوڵقێندرێت.

بێگومان هەموو کەسێک ناتوانێت وەک فەیلەسووف و ڕێبەرێکی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی، سەربازیی و کەلتووریی، بە قووڵیی لە ڕێی دەرچوون لەو پرۆسەیە بکۆڵێتەوە. ناتوانن وەک پێغەمبەران خۆیان گۆشەگیر بکەن و پاش خەلوەتێکی وەها چارەسەر لە خودی خۆیانەوە دەست پێ بکەن. هەڵوێستی خۆکوژیی و کوشتن، سووتاندن و وێرانکردن، ناهۆشیاریی، تاکپەرستیی وەبەر نانێن و بەبێ بیرکردنەوەی باش و پێویست ناکەونە جووڵە.

ئەگەر چارەسەریش نەدۆزنەوە، ڕۆڵیان دەبێت لە بەرۆژەڤکردن و نیشاندانی ئاستی گرنگیی و جددییەتی کێشەکە. یاخود هەریەکێکیان لەو خاڵانەدا کە چی جێگەی نییە و چی چارەسەری ناهێنێت، دەبنە ئەزموونێک لە یادگەی کۆمەڵایەتیدا و ئەمەش دەستکەوتێکە بۆ مرۆڤایەتیی.

پێویسـتە سـەرەتا کێشـەکە بناسـرێت و شـیکار بکرێت. دەبێت ڕوونکردنـەوە و شـرۆڤەی ڕووداوەکان هەنگاوی یەکـەم بێت. بەبێ تێگەیشـتن لـە سـەرچاوەی ناکۆکیـی و کێشـەکان، پەیوەندییەکانیـان، باکگراونـدی مێژوویـی و شـێوەی ئێسـتایان، بەبێ ڕۆشـنبوونەوەی وەڵامـی پرسـیارەکان، لانـی کـەم بەبێ تێگەیشـتن لـە مەیلـی زاڵـی هەنووکـەی کۆمەڵگەکـەی، بەبێ ڕازیکردنـی بەشـێکی بەرچـاوی توێژەکانی، ڕاکێشـانیان بۆ نێو ڕێکخسـتن و بەشـدارییان لە چالاکیی، ئەسـتەمە کێشـەکە چارەسـەر بکرێت. ئەمـەش تێگەیشـتن و پێناسـەی کێشـەکە بـە پێویسـت دەبینێت. بۆچی؟ چونکە ئـەوەی لـە زیهنییەتدا بە سـەریدا زاڵ نەبیت، لە پراکتیکیشـدا بە سـەریدا زاڵ نابیت. شـۆڕش بـەر لەهەمـوو شـتێک لـە ئەقڵ و زیهنـەوە دەسـت پێ دەکات. ئەوەی نەتوانێت ئـەو هێزە بشـکێنێت وا مایـەی تەگەرەیـە لـە زیهنیدا، ئەوەی نەتوانێت بگات بـە دارشـتنی و بـڕوای پـێ نـەکات، بانگەشـەیان بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـە کۆمەڵایەتییـەی ڕووبەڕوویـان بووەتـەوە، جگە لـە خـۆ هەڵخەڵەتاندن هیچـی تـری لـێ سـەوز نابێت.

هەڵوێسـتێکی کـەم و ناتـەواوە گـەر بگوترێت: «دەی بـا دەسـت بـە کار بکەین، ئـەوەی تـری خـۆی بەدوایدا دێت». کاروان هەمیشـە بەڕێوە ڕێـک نابێتـەوە، ئەگـەری هەیـە پەرتـەوازەش ببێت. کـەم نین ئەوانـەی دووچـاری ئاکامێکـی وەهـا هاتـوون. بـە دڵنیاییـەوە دوای کەوتنـەڕێ، کردار یارمەتیدەر و ئەزموونی گرنگی دەبێت. بـەڵام چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی ڕیشـەیی کۆمەڵایەتیـی، هەڵوێسـت و مامەڵەیەکـی وەهـا ئاسانخواز و ڕووکەشانە هەڵناگرێت و سەرکەوتووش نابێت. باس لەوە





دەکرێت کە چۆن پێغەمبەرەکان چوونەتـە خەڵوەتەوە. خەڵوەت پرۆسـە و قۆناغـی تێفکرینـی پێغەمبەرانـە بۆ بیرکردنـەوە و یەکلاکردنـەوەی ڕێ و ڕێبازەکانی ئـەو سیسـتەمەی دەیروخێنن و ئەوەشـی دایدەمەزرێنن.

ڕێبـەر ئاپـۆ لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا، دیدی بـۆ جیهـان یاخـود مانـا و گرنگیـی فەلسـەفەی ماتریالیزمـی دیالەکتیکیـی بـۆ خـۆی بـە کێشـەی سـەرەکیی دانـا. جەختـی لـەوە کردەوە ئەمـە نەک تەنها بۆ میلیتانی فیدایی پێشـەنگ یاخـود گـەریلا، بەڵکـوو بـۆ گەلیش پێویسـتە. چونکـە گەلێکـی چەوسـاوە، ژنانیـش وەک ڕەگـەزی چەوسـاوە، جەمـاوەری ڕەنجـدەری چەوسـاوە، سـاڵانێکی زۆر لەژێر کاریگەریی جیهانبینیی چەوسـێنەرەکانی خۆیـان بـوون یاخـود بـەو دیدە پـەروەردە کراون. هەرچەنـدە هەندێک ناڕەزاییشـیان هەبوویێت، بـەڵام هێشـتا بـە سیسـتەماتیک نەبـوون. بیـر، فەلسـەفە، ئاییـن، ڕەوشـت، کەلتوور–هونـەر و زانسـت و... هتـدی چەوسـێنەرانەیان ئاسـۆ و جیهانـی ڕۆشـنبیرییانی داپۆشـیوە. هێزەکانـی دەسـەڵات ئەزموونێکـی فکریـی مێژوویـی گرنگیـان هەیـە. لـە چوارچێوەی سیسـتەمێکدا کاریگەریی لـە بواری بیرکردنـەوە دەکات و بە شـێوەیەکیش ڕەزامەندیی وەردەگرێت. بـە واتایەکـی تر، ڕەوایەتیی بۆ خۆیـان وەردەگرن. نابێت ئەوەمـان لەبیر بچێت کـە هەمـوو شـێوەکانی کۆیلایەتیی سـەرەتا لـە مێشـکەوە دەسـت پێ دەکات. بـە شـێوەیەک تـاک و کۆمەڵگـە بـە (بێچارەیـی و بێدەسـەڵاتیی) پـەروەردە دەکرێن. بەرانبـەر هەمـوو نادادپەروەریـی و زوڵمێـک، تەنانـەت ژینۆسـایدیش، پاسـیڤیزمێکی شـوکرئامێز و گوتنی (خودا لە خراپتر بمانپارێزێت) و دانانی ملکەچکردن بـە ئەرکێکـی بەندەیـی و ڕەوشـتیی وەبـەر دەنێت.

## مارکسیزم و دیالەکتیکی ئاپۆیی

مارکس و ئەنگلس یان بە نازناوەکەی تریان مارکسیزم، قۆناغێکە لە تێکۆشانی مرۆڤایەتیی بۆ ئازادیی و دیموکراسیی و سۆسیالیزم. ئەو بیر و هزرەیان کە بڵاویان کردەوە و چەندین ساڵە لە ڕۆژەڤی مرۆڤایەتییدا بوو، هیوا و باوەڕی بە ئازادیی و دیموکراسی و سۆسیالیزم درووست کردووە. لە مێژوودا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە ئاشکراکردنی ماتریالیزمی دیالەکتیکیی و پەیڕەوکردنی لە کۆمەڵگەدا، ئەمە و بەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەی دایانناوە، هۆشیارییەکی گەورەیان لە تاک و کۆمەڵگەدا بەدی هێناوە. هیچ گومانی تێدا نییە مارکس و ئەنگلس لەم بوارەدا ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگیان هەبووە. ڕێبەر ئاپۆ لە مانیفێستۆی (ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی)دا دوای ئاماژەدان بە پەرەسەندنەکانی میزۆپۆتامیای سەروو، داستانی گلگامێش و ...هتد، سەبارەت بە دیالەکتیک و ماتریالیزمی مێژوویی دەڵێت: «ئەمە سوودبەخشترین فکرێکە بتوانین لە مارکسیزم وەری بگرین» و تیشک دەخاتە سەر ماتریالیزمی دیالەکتیک، بەڵام بەو واتایە نایەت کە سەرتاپێ هاوڕایە لەگەڵ مارکسیزم و لینینیزم. هەر لەو مانیفێستۆیەدا لە برگەکانی بەشی (هزری دیالەکتیک و مارکسیزم)دا ڕەخنەکانی پێشکەش کردووە. بە میتۆدی دیالەکتیکیی بیروبۆچوونەکانی شیکار کردوون و ڕەخنەی لێ گرتوون. هاوکات ڕێبەر ئاپۆ ئەوەی مارکس دەربارەی دیالەکتیک و ماتریالیزمی مێژوویی نووسیویەتی، بە تەواویی ڕەت نەکردووەتەوە. هەروەها بە ئاشکرا ڕەخنەی لەو





بۆچوونانە گرتووە وا ئەوان و شوێنهەڵگرەوەکانیان بە ئاڕاستەی هەڵەی کردارییدا بردووە. لێرەدا ڕەخنە گشتگیرەکانی ڕێبەر ئاپۆ لەمەڕ مارکس و لینین ناخەینە ڕوو، ئەوەندەی دەرکمان پێ کردبێت، ڕەخنەکانی سەبارەت بە دیالەکتیک و ماتریالیزمی و مێژوویی دەخەینە ڕوو، هاوکات هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو نوێکارییانەی ڕێبەر ئاپۆ لە ماتریالیزمی دیالەکتیکدا کردوویەتی. لەمەشدا زۆر جار دەگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی ڕێبەر ئاپۆ.

لە پەیوەندیی نێوان پزیشک و نەخۆشدا، پزیشک سەرەتا گوێ لە نەخۆش دەگرێت، لێی دەڕوانێت و چاودێریی دەکات، پاشان هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پشکنینی جەستەییەوە نەخۆشییەکەی بدۆزێتەوە و ئازارەکانی بپشکێنێت. هاوکات لەگەڵ نەخۆشەکەدا ئەنجامی گفتوگۆکەی تاوتوێ دەکات. پاشان بەپێی دەرفەت بە پێویستییەکانی تیشکگرتن هەڵدەستێت، دۆسیێ پەڕەکانی نەخۆشەکە ڕەوانەی تاقیگە دەکات و پشکنینی پێویستی بۆ دەکات و ...هتد، دوای هەموو ئەو پشکنینانە، دەگاتە ئەنجامێک. لە کۆتاییدا بە دەرئەنجامەکەدا دەچێتەوە و دەرمانی پێویست و چۆنێتیی بەکارهێنان و خۆپارێزییەکەی بۆ دەستنیشان دەکات و بەڕێی دەکات.

سەرکەوتنی پزیشک بە توانای دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و کاریگەریی ئەو چارەسەرەی بۆ نەخۆش دەستنیشانی دەکات دەپێورێت. هەر هەڵە و ناتەواوییەک لە شیکاری تەندرووستیی نەخۆشەکەدا، دەبێتە مایەی ژیانی نەخۆش، یان بەلانی کەمەوە کەمئەندامیی و دواکەوتنی چارەسەری ڕاستەقینە لەگەڵ خۆی دێنێت.

بۆ ناسین و تێگەیشتن لە سرووشت و کۆمەڵگە، میتۆد زۆر گرنگە، تەنانەت مایەی مان و نەمانیشە. هەر هەڵوێستێکی هەڵە و ناتەواوییەک، ڕەنگە ببێتە هۆی وێرانکردنی سرووشت، تێکدانی هاوسەنگیی ژینگەیی، کەمئەندامکردنی تاک و کۆمەڵگە و قورسکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی کێشەی ژنان و گەل و ڕەنجدەران.

دڵنیاین ڕێبەر ئاپۆ بەم هەستیارییەوە لە مارکسیزم دەڕوانێت و لە سەر ئەم بنەمایەش هەوڵ دەدات بە ئەزموون وەرگرتن لە میتۆد و پراکتیکەکانی ڕابردوو پەرە بە میتۆدی خۆی بدات.

ڕێبەر ئاپۆ ڕەخنە لە پێناسەی (مێژوو؛ شەڕی چینایەتییە)ی مارکس دەگرێت. لەجیاتی ئەوە، لەگەڵ نکۆڵیی نەکردن لە بوونی چینەکان، مێژوو بە تێکۆشانی نێوان دەوڵەت و کۆمۆنە پێناسە دەکات: «من پێم وایە لەجیاتی پێناسەی ماتریاڵیزمی مێژوویی و سۆسیالیزمی پشتبەستوو بە شەڕی چینایەتیی، جێگرەوەیەکی وەک ماتریاڵیزمی مێژوویی و سۆسیالیزمی پشتبەستوو بە دوالیزمی دەوڵەت و کۆمۆنە، درووستترە. پێم باشترە چاو بە مارکسیزمدا بخشێنمەوە و شوێنی ئەو چەمکە بگۆڕم. واتا؛ مێژوو: مێژووی شەڕێکی چینایەتی نییە، بەڵکوو بریتییە لە ململانێی نێوان دەوڵەت و کۆمونە. تیۆری شەڕی پشتبەستوو بەم جیاکارییە چینایەتییەی مارکسیزم، هۆکاری سەرەکیی دارمانی سۆسیالیزمی بنیادنراوە... هەروەها دەمەوێت سۆسیالیزمی هاوچەرخ نەک لەسەر بنەمای کۆمۆنیزمێکی پشتبەستوو بە دیکتاتۆری چینایەتیی، بەڵکوو لە





سەر دەستە چەمکێک دابمەزرێنم کە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمیناڵیتی ڕێک دەخات. ئەمەش ئەو تێڕوانینەم لەلا درووست دەکات کە ئەنجامی زۆر بنیادنەر و سەرسووڕهێنەری دەبێت».

ململانێی دژەکان بڕگەیەکی تری ماتریاڵیزمی دیالەکتیکە و یەکترلەناوبردنیان پەسەند ناکات و ڕەخنەی دەکات. ئەمەش بە هەڵەیەکی گەورەی مارکسیزم پێناس دەکات. ئاماژە بەوە دەکات کە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی لە تێز، دژەتێز و کۆتێز پێک دێت. دژایەتیی وەک تێز و دژە تێز دەردەکەوێت. بەڵام یەکێکیان ناتوانێت ئەوی تریان لەناو ببات. بە پێچەوانەوە، لە کاتی پرۆسەی تێکۆشاندا بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر شت لە یەکتر وەردەگرن و بە یەکتر کاریگەر دەبن. کاتێک دەگەن بە کۆتێزێکیش، ئیدی هەردووکیان پێگەی تێز و دژەتێزی پێشووی خۆیان لەدەست داوە. چونکە تێکۆشانەکە ئامانجێکی هەیە و لە سەر بنچینەی ئەو ئامانجە بە کۆتێزێکی وەها گەیشتوون. هەر بۆیە ڕێبەر ئاپۆ سنووردارکردنی ماددەیەکی دیالەکتیکیی تەنیا بە گۆڕانەوە بە کەم و ناتەواو دادەنێت و ئاماژە بە سەربارخستنی وەرچەرخانیش دەکات.

ڕێبەر ئاپۆ مارکس بە هێگلییەکی چەپڕەویش پێناسە دەکات. لە ڕاستییدا شوێنکەوتووانی هیگڵیش؛ بە ڕاستڕەو پێناسەی دەکەن. هاوکات دوای ئاماژەدان بە دەرکەوتنی شرۆڤەی ڕاست و چەپڕەوییەکانی هیگڵ دەڵێت: «سەرەنجام مارکس بەرەو جەمسەرێک و ئایدیالیستەکانیش بەرەو جەمسەرێکی تر دەڕۆن. ڕاستییەکەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە شێوەی ئەم دوو لقەدا گەشە دەسەنێت. بەڵام

بنچینەییەکەیان هیگڵە. هیگڵیش لە کۆتاییدا دەڵێت: هاووڵاتییەکی ئازاد لەدایک بوو. هۆزە پەرتەوازە ئەڵمانییەکانیش بوون بە یەک نەتەوە. مەرجی یەک نەتەوەیی لە کۆیلایەتییەوە بوونە بە هاووڵاتییەکی ئازادە. کۆیلەکان دەبنە هاووڵاتییەکی ئازاد و میرنشینە جیاوازەکانیش لە شێوەی نەتەوەیەکدا کۆ دەبنەوە. لێرەدا هیگڵ پەیامبەری ئەم بیرەیە... بەم شێوەیە، فەلسەفەی هیگڵ دەبێتە فەلسەفەی داهێنەری دەوڵەت-نەتەوەی ئەمڕۆمان. ڕاستییەکەی مارکس ویستی ببێتە هیگڵییەکی چەپ. تاڕادەیەک لایەنی ڕاستی خۆیشی هەیە. تا ئاستی کوشتن کار بە کرێکاران دەکرا. چینێکی گەورەی کرێکارانی چەوساوە هەبوو. ئەڵمانەکان بە ‹ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیی› وەڵامی مێژوو دەدەنەوە. پێگەیشتنی ئەڵمانییەکان لە سەر بنچینەی ئەم فەلسەفەیەیە. هیتلەر زیادەڕەویی دەکات و دەیگەیەنێتە فاشیزم، مارکسیش زیادەڕەویی لەوەی خۆیدا دەکات و کۆمۆنیزمی لێ سەوز دەبێت. هەردووکیشیان ڕووخاون. بۆچی؟ چونکە پەیوەندی دیالەکتیکیی بە هەڵە بەکار هێندراوە. سەرەنجام بیروباوەڕێکی فەلسەفیی هەڵە؛ سێ سەدەی کۆتایی جیهانی گۆڕیوە بۆ سەدەی جەنگە گەورەکان. هەر لەبەر ئەمەیە ناچاری وەرچەرخانێکی گەورەین.

ڕێبەر ئاپۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ماتریالیزم و ئایدیالیزم بەستێنراون. لەگەڵ ئەوەی ئەمە دوالیزمێکە، بەڵام هەڵەیە وەک دۆگمایەکی توند بخوێندرێتەوە و کێشەکان جەمسەرگیر بکرێن. چونکە ئەگەر ئایدیالیزم نەبێت، ماتریالیزم هیچ مانایەکی نابێت. پێچەوانەکەشی ڕاستە. بە ململانێی نێوانیان گەشە بە یەکتر دەدەن.





داخۆ ئەگەر ئەم ململانێیە نەبوایە، دەکرا یەکێک لەم شێوازی بیرکردنەوە یان فەلسەفەیە بگەشتایەتە ئاستی ئەمڕۆی؟ ئەگەر جەمسەرگیریی هەبێت، چۆن شێوازی جیاوازی بیرکردنەوە، کەلتوور، ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان پێکەوە دەژیان؟ ژیان دەربڕینی جیاوازییەکانە. هیچ شتێک نییە بەیەکەوە نەبەسترابن. هەر جیاوازییەک دۆخێکی لەناوبردن یان دوژمنایەتیی بۆ بەرانبەرەکەی دێنێتە گۆڕێ، ئەمەش تەنیا بە سوودی ئەو فەرمانڕەوا و هەژموونگەرایانەدا دەشکێتەوە وا سیاسەتی پەرتکە-زاڵبە پەیڕەو دەکەن.

ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «دوالیزمێکی دژبەر و بەستوو، بە واتای هەڵدێرە. لەو هەڵدێرەدا پێکدادان دەکەن، ئەم ڕاستییە لە هۆکارەکانی پشت کوشتاری نێو خێزاندا بەدی دەکرێت. ژن لە دیدی ئەو کەسەی هەوڵ دەدەن بیکوژن؛ وەک سەهۆڵێکی بەستراوە. ژن ژنێکی ڕەهایە، پیاو پیاوێکی ڕەهایە، بەڵام ئەگەر ڕەوتی بیرکردنەوەیەکی دیالەکتیکی نەبێت، مسۆگەر یەکێکیان ناپاکیی لەوی تر دەکات. ئەم لەو دەدات و ئەو لەم. ڕیشەی کێشەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش وەک گوتم، بە واتای کێشەگەلێکی سەرسووڕهێنەر دێت. پێویستە چارەسەر بکرێت». ڕاستییەکەی لێکدانەوەی ژیان بەم شێوەیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سەلماندنی ئەو ئەقڵییەتەی (مرۆڤ گورگی مرۆڤە). ئەوکاتە، ژیان دەبێت بە بوارێک بۆ لەناوبردنی یەکتری و دەرگە بۆ ژینۆساید ئاوەڵا دەکات و ڕەوایەتیی بە جێبەجێکردنی دەدات. ئاساییکردن یان قەبووڵکردنی، تەنیا مرۆڤ

ناکات بە هاوبەش، بەڵکوو بە تێپەڕینی کات دەیکاتە ئەکتەر و جێبەجێکاری سەرەکیشی. بە دڵنیاییەوە ئەوەی لێرەدا گرنگە بیبینین و تێی بگەین ئەوەیە؛ ئەو بیرکردنەوە و پەرچەکردارانە چین وا خەڵک هان دەدەن بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن و بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵیان بکەن.

ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە زاڵبوون بەسەر ئەم دۆخە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکە دەڵێت: «لەبری ئەوە، پەرە بە تیۆرێک دەدەین. ئەوەش ڕاستکردنەوە یان گۆڕانکاریی دیالەکتیکییە، جا ئەمەیە: لەناوچوونێکی وەها نە لە گەردووندا هەیە و نە لە کۆمەڵگە. دیالەکتیک بەو شێوەیە لێک نادرێتەوە، بەڵام ستالین وەها لێکی دایەوە و سەرەنجام ملیۆنەها هاووڵاتیی خۆی کوشت. ماو شۆڕشی کەلتووریی ئەنجام دا و ئەویش شکستی هانی. تێگەکانی ئێستای سەبارەت بە گەردوونیش گشت شتێک ڕوون ناکاتەوە. کەواتە پێویستە زیاتر بیری لێ بکرێتەوە... بە کورتیی بەبێ ئەوەی ببین بە کۆتی دۆگماکان لە بیرکردنەوە بەردەوام بین. ئەوەی سەبارەت بە دژایەتییەکان دەتوانرێت بگوترێت؛ بەڵێ، ڕاستە وەرچەرخانێک وا لەگۆڕێ. وەک لە سارد-گەرمدا هەیە، هاوشێوەی دوالیزمی ڕووناکیی-تاریکییەکەی زەردەشتییە و یەکەمین باوەڕی خۆشمانە. ئەمە پێکدادانێکی دیالەکتیکییە، کرۆکی دیالەکتیکە. تێز، دژە، کۆتێز لای هیگڵ دەربڕی دیالەکتیکە. مارکس ئەمەی بەرەو ئەوپەڕی برد. سەرنەکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بنەما فەلسەفییە. شەڕی چینایەتیی بەم هۆکارە مانای خۆی





لەدەست داوە. لەجیاتی ئەوە هەوڵ دەدەین کۆمەڵناسیی نوێ و سۆسیالیزمی نوێ ڕوون بکەینەوە».

یەکێک لە هەڵە و چەوتییە سەرەکییەکانی تری مارکسیزم، جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی یاساکانی سرووشتە بە سەر کۆمەڵگەدا. هەرچەندە خودی خۆیان زۆرترین ڕەخنە ئاراستەی ئەو پەیڕەوکارییە دەکەن وا بە کلێشەگەریی ناوزەد دەکرێت، ئەستەمە لە مارکس و ئەنگلس قبووڵ بکرێت کە کەوتبنە نێو هەڵەیەکی وەهاوە. بە جۆرێک سرووشت و کۆمەڵگە بە هەمان شێوە لێک دەدەنەوە. لە هەردووکیاندا جەخت لە دەستڕۆیشتوویی یاساکانی دیالەکتیک دەکەن. ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوەیە شیکاری دەکات:

«داروین لە زیندەوەرزانیی (بایۆلۆژیی)دا یاساکانی گەشەسەندنی دۆزیەوە و بە هەمان خێرایی خۆی هەڵدایە ناوییەوە و گوتی: «لە کۆمەڵگەشدا یاسا هەیە». ئەو بە «یاسای ماتریاڵیستی مێژوویی دیالەکتیک» ناودێری دەکات. لە بنەڕەتدا لێرەوە دەست بە لەدەستدان دەکات. چونکە لە سرووشتدا، نەک یاسا، بەڵکوو مەیل هەیە. مەیل مانای یاسا نییە. ڕەنگە لە کۆمەڵگەدا مەیلی بەجێ هەبێت، بەڵام یاسا نەبێت. بۆچی؟ چونکە کۆمەڵگە بەندە بە زەینی مرۆڤەوە. لە زەینی مرۆڤدا هیچ یاسایەکی توند جێگەی نابێتەوە، مەیل و بیرکردنەوە هەیە. لەبەر ئەمەیە هەر کۆمەڵگەیەک لە بیرکردنەوە و هزردا دان بە زیاترین ئازادیی بیروڕادا بنێت، تەندروستترین کۆمەڵگەیە.

پۆزیتیڤیزم جۆرێکە لە کۆمەڵناسیی و مارکسیش پشتی پێ بەستووە. پۆزیتیڤیزم هەرچەندە بانگەشەی ئەوە دەکات کە «لە میتافیزیک تێپەڕدە بێت»، دژەمیتافیزیکە. هەروەها پێناسەیەکی زانستیی بۆ کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو: «یاساکانی سرووشت، کۆمەڵگەش دەگرنەوە»، کە لەلای مارکس و دۆرکهایمیش هەیە...»

هەڵەیەکی تری مارکسیزم گەڕانە بەدوای «یەکسانیی ڕەها و هاوسەنگیی ڕەها». بێگومان دەشێت ململانێ و یەکسانیی و هاوسەنگیی هەبێت. بەڵام ڕەهابوون و بەردەوامییان نابێت. خۆگونجاندن و دۆخێکی لەباری هەیە بۆ هەمەچەشنیی، گۆڕان و وەرچەرخان. جەوهەری ماتریالیزمی دیالەکتیکییش هەر ئەمەیە. بەڵام درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەشن سەر دەکێشێت بۆ نکۆڵیی و ژینۆسایدی گەلانی تر. هەڵبەت مارکس و ئەنگلس نەیانتوانی خۆیان لە بیرۆکەی دەوڵەتی-نەتەوە ڕزگار بکەن، بۆیە ئەو ژینۆسایدانەشیان نەبینی وا لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ڕوویان دەدا. لەم سۆنگەیەوە بە کرداریی دەیبینین ئەو ژینۆسایدەی لە سەدەی ڕابردووەوە بە سەر کوردستاندا دەهێندرێت و دەرئەنجامە کردارییەکانی ئەقڵییەتی «یەک زمان، یەک کەلتوور، یەک نیشتمان، یەک ئایین، یەک ئاڵا»ی فەلسەفەی بنچینەیی دەوڵەتی نەتەوەییە کە چۆن کاریگەری نەرێنیی لە سەر تاک و کۆمەڵگە هەیە.

ڕێبەر ئاپۆ بابەتەکە بەم ڕەنگە دەستنیشان دەکات: «بێگومان لە سرووشتدا هاوسەنگیی دەبێت، جەمسەرەکان دەبێت؛ دەستەواژەی دوالیزمی تێز و دژەتێز، من-ئەو، گیان-مادده، سوبژێکتیڤ-ئۆبژێکتیڤیەت و هاوشێوەکانیان بەکار دێنین. کە هەڵبەت لە نێوانیاندا





ململانێیەکی بەردەوام هەیە. دەکرێت ململانێ و هاوسەنگیی و یەکسانیی هەبێت. ئەو یەکسانییە ڕەها نییە. یەکسانییەکی ڕەها بوونی نییە. هاوسەنگیی ڕەها نییە، ئەگەر هەبووایە، گەردوون نەدەبوو. ئەگەر هاوسەنگیی ڕەها هەبووایە، ئەوا ئەم فرەچەشنیی و جیاوازییەی دەیبینین، نەدەهاتنە ئارا. ئەم جیاوازییە ناوازەیە، ئەم کرانەوە گەردوونییەی دەیبینین، بە ناهاوسەنگییە بەناوبانگەکەی دیالەکتیک خۆی لە مەحاڵبوون ڕزگار دەکات. ئەمەش لە کاتێکدایە ئەمڕۆ ئەوە فاشیزمە بەدوای لێکچوونی کۆمەڵگەدا دەگەڕێت، کۆمۆنیزمەکەی سۆسیالیزمە. هەردووکیانیشیان ئاشکرا بووە».

مارکس و لینین لە سەردەمی ژیانیاندا لە سەر بابەتی جیاجیا ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بوونەتەوە. بە مشتومڕێکی زۆر وەڵامی ڕەخنەکانیان داوەتەوە. سەبارەت بە دەوڵەت و شەڕی چینایەتیی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاش ڕەخنە هەبووە. بەڵام ئەم ڕەخنانەیان بە جدیی وەرنەگرتووە و بە مشتومڕ و پێناسەی جیاواز هەوڵی بێکاریگەرکردنیان داوە. هەرکەسێک لە پراکتیکدا بینبێتی کە ڕووخانی فۆڕمی بنیادنراوی ئەو سۆسیالیزمەی هیوای مرۆڤایەتیی بوو، چۆن ڕێی بۆ ڕووخانی هزریی و سۆزدارییانەی مرۆڤایەتیی ئاوەڵا کردووە، خۆیشی بووە بە گۆڤانی ئەوەی چۆن بەربوونەتەوە بۆ نێو بیرێکی قووڵی بێ هیوایی. ئەگەر ڕەخنەکانیان بە جدیی وەربگیرایە و کاری بۆ بکرایە، ڕەنگە دۆخی ئێستا ڕووی نەدابا.

یەکێک لە ڕەخنە هەرە جدییەکانی ڕێبەر ئاپۆ لە مارکسیزم و فۆڕمە پراکتیکیەکەی کە سۆسیالیزمی بنیادنراوە، نکۆڵیکردنە

لە میتافیزیک. مرۆڤی بێ میتافیزیک؛ کەسێکە بێ پرسیار و لێکۆڵینەوەیە، بێئامانجە، بێ پەیوەستییە، بێ حەماسەت و مۆڕاڵە. ئەگەر ئەم مەیلەش لە کۆمەڵگەیەکدا گشتگیر ببێت، ئەوا دەبێتە مایەی ڕزین و داڕمانی کۆمەڵگەش. ڕێبەر ئاپۆ ئەم خاڵە ئاوا دەستنیشان دەکات: «لە هەر دەرفەتێکدا دانانی هەڵسەنگاندنی قەبای وەک؛ ژێرخان سەرخان دیاریی دەکات، ماددە داتای یەکەمینە و بیرکردنەوەش دووەمین، بیرکردنەوە ڕەنگدانەوەی ماددەیە و... هتد، ئەوانی گەیاندووە بە بۆچوونێکی وەها».

هەروەها دەشڵێت: «مرۆڤ بەبێ میتافیزیک نابێت. تەنانەت لە سۆسیالیزمیشدا دەبێت میتافیزیک هەبێت. بە هزرێکی وەها دەگەم؛ سۆسیالیزم بەبێ میتافیزیک بوونی نابێت. دەربڕەکەشی سۆسیالیزمی پشتبەستووە بە ئێتیک و سیاسەت. هیچ ناڕێکێکییەکی تیا نییە کە ئەم سۆسیالیزمە پشتبەستووە بە ئێتیک و سیاسەت، بە سۆسیالیزمی میتافیزیک لێک بدرێتەوە. هەڵەیەکی تری مارکسیزم، یان هەڵەی لینین و ستالین، سڕینەوەی ئێتیک و سیاسەتە. دەرئەنجامی سۆسیالیزمێکی بێ ئێتیک و بێ سیاسەت، مایەپووچییە. بۆیە سۆسیالیزمێکی پشتبەستوو بە بنچینەی ئێتیک و سیاسەت مەرجە. بنچینەی دوورکەوتنەوەمان لە سۆسیالیزمی بنیادنراو هەر ئەمەیە».

دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، ئازادکردنی ژنان و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژیی، بەبێ کەسانێک کە بمە پێودانگە پەروەردە و پێگەیەندرابن، ئەستەمە. چونکە دەوڵەت تەنیا بە زوڵم و ستەم گورزی نەوەشاندووە، بەڵکوو بە ڕادەیەک بە هونەر،





ئەدەب، وەرزش و سێکس و... هتد. مۆڕاڵ و ڕەوشتی مرۆڤی بۆ ئاستی نەمان گەیاندووە. ڕووداوەکانی دوو ساڵی دوایی؛ ئەمریکا – ئیسرائیل – فەڵەستین – ئێران، داگیرکەریی دەوڵەتی تورک لە سەر کوردستان، سووریا – ڕۆژئاوا، ئۆکرانیا – ڕووسیا، دەیسەلمێنێت کە چۆن بەها مرۆییەکان پێشێل کراوە. کاردانەوەی سیاسیی و ئێتیکیی مرۆڤایەتییش بەرانبەر ئەوانە لە ئاستی نەبوون و چاودێرییەکی بێکاریگەردایە. لەگەڵ کوژانەوەی شاشەی تەلەفزیۆن یاخود تەلەفۆن، یان گۆڕنی کەناڵەکاندا لەو کەشوهەوایە دەردەچن و دەچنە نێو کەشوهەوایەکی ترەوە. دەبێت دەرک بە زەحمەتییەکانی هەڵساندنەوەی مرۆڤێکی وەها بکرێت.

کێشەکە هەمیشە ماتریالیزم نییە. ڕاستییەکەی سۆسیالیزمی بنیادنراو لەجیاتی مەعنەویات، واتا لەجیاتی میتیافیزیکی باش، ماددییەتگەرایی و خەرجییەکی ناقۆلا بە ژیانێکی ڕۆژانە و ساتەوەختیی پێشکەش کردووە. ساڵانێک لەمەوبەر، ڕێبەر ئاپۆ گوتی: «چارەسەر ئەگەر لە لاوازترین بازنەوە دەست پێ بکات، دەبێتە چارەسەر» و ڕووی کردە دامەزراندنی ڕێکخستنی ژنان و تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەڵام تەنها ژنان لاواز نین. ئەو جۆرە مرۆڤەی لە سەرێ باسمان کرد، زۆر لە ئاستێکی لەوەی ژن لاوازتر دەژی. لای ڕێبەر ئاپۆ هەوڵدان لەگەڵ کەسێکی تووشکراو، لاوازکراو، چ لە لایەنی هزریی بێت یان ڕۆحی گەیاندنیان بە ئاستێک کە متمانە بە خۆیان بکەن، بەرهەڵستیی بکەن، جێگرەوە پێشکەش بکەن، حەزێکی گەورەیە و بە بنچینەی

بنیادنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی دەزانێت. بەبێ بنیادنانی واقیع، کە هەندێک بە (میتافیزیکێکی باش) پێناسەی دەکەن، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک بنیاد نانرێت، گەشەی پێ نادرێت و بەهێزیش ناکرێت.

یەکێک لە ڕەخنە هەرە بنچینەییەکانی ڕێبەر ئاپۆش بەپیرۆزدانان و شکۆدارکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لەلایەن مارکس ئەنگڵس و لینین و ستالینەوە سەبارەت بە ماتریاڵیزمی مێژوویی دیالەکتیکیی. لینین پاش شۆڕش کەموکوورییەکی دەوڵەت ئاشکرا دەکات و بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکات: «هاوڕێیان؛ بەردەوام باسی دەوڵەتی پرۆلیتاریا دەکەن. بەڵام هاوڕێیان، ئەوەی پێی دەڵێین دەوڵەتی پرۆلیتاریا، میکانیزمی دەوڵەتی قەیسەرییە و لە ڕۆنی سۆڤێتدا خووسێندراوە». هەرچەندە هەندێک ڕەخنەی هەبن بۆ تێپەڕین لە لێپرسینەوە و زاڵبوون بە سەر هەڵەکاندا، بەڵام پارادایمییانە لایەنگری دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە و نەیتوانیوە خۆی لێ دوور بخاتەوە. ئەو بۆچوونەیە جەخت لە هاتنی سۆسیالیزم دەکات بە ڕێگەی کۆمەڵایەتیکردنی دەوڵەت لە سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەدا، واتە دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا. هێگلیزمی چەپ لێرەدا زۆر بە ڕوونی خۆی دەدا بە دەستەوە.

ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە نەتەوەی دیموکراتییش دەڵێت: «لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە یەکێتیی لە هەمەجۆرییدا ناوزەدی دەکەین. ئەوەی ئەمڕۆ لە تورکیاش شەڕی بۆ دەکەین، هەر هەمان شتە. ئاشکرا بوو کە بیرۆکەی یەک نەتەوە فاشیزمە. دژ بەو تاکایەتییە





تێدەکۆشین. ئەمڕۆ، ئەم تاکایەتییە شەقی بردووە و چیتر لایەنێکی نەماوە بەرگریی لێ بکرێت. بە گەڕانەوە بۆ بنەمای دیالەکتیکی سرووشت و هزر، پەرەمان بە چەمکی نەتەوەی دیموکراتیک دا، ئەمە چەمکێکە هەل بۆ ئازادیی دەڕەخسێنێت. جیاوازییەکان بۆیان هەیە ئازادانە خۆیان دەرببڕن. چەمک و تێگەی نەتەوەی دیموکراتیی هەڵگری ئەو ناوەڕۆکەیە کە چارەسەرێکی نوێ بۆ چەمکە کێشەدارەکانی وەک سکۆلاریی لە ئاییندا، ناسیۆنالیزم و کێشەی نەتەوە دابڕێژێت. ئەم چەمکە هەم من و هەم هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بە پرۆسەی چارەسەری ئەمڕۆ گەیاندووە.»

سەرەڕای نووسینی پەرتووکێک بە ناونیشانی ‹بنەچەی خێزان، خاوەنداریێتیی تایبەت و دەوڵەت›یش، ئەنگڵس پێگەی ڕاستەقینەی ژنی لە تێکۆشانی سۆسیالیزمدا دەستنیشان نەکردووە، ئەمەش یەکێکە لە کەموکوورییە گەورەکانی. ڕزگاریی و ئازادیی ژن وەک کێشەیەکی سەرەکی لە قەڵەم نەدراوە و بە شێوەیەک لە ناو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا بزر کراوە. ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوەیە ڕەخنەکانی لە سەر ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو: «کەواتە لە نێو سۆسیالیستەکاندا، بە مارکسیشەوە، بۆچی لەبارەی ژنەوە هیچ باسێکی وەها نەکراوە؟ وەک بڵێی هیچ ناکۆکییەکی بەو شێوەیە لەگۆڕێ نەبێت. لەم بوارەدا کەموکورتییەکی زۆری هەیە.»

یەکێک لە بنچینەییترین جیاوازییەکانی ڕێبەر ئاپۆ و هاوکارییەکانی بۆ سۆسیالیزمی زانستیش؛ ئایدیۆلۆژیای ئازادیی ژنە. مەسەلەی ئازادیی ژن کە لە کۆتایی هەشتاکان دەستی پێکرد و لە نەوەدەکان

پەرەی پێدا، بۆ یەکەم جار لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٤دا لە ئاستی پارادایمی «دیموکراسی، ژینگەیی و ئازادیخوازی ژن»دا بەگوێی مرۆڤایەتی گەیشت. لێرەوە ژن نەک تەنها وەک پێکهاتەیەکی ئەم پارادایمە، بەڵکوو وەک پێشەنگی تێکۆشان پێناسە کرا. سەدەی بیست و یەکیش بە سەدەی ئازادیی ژن ڕاگەیەندرا. ئەگەر هاوکێشەی (دەبێت لە شوێنی ونبوونەکەیدا بەدوای ونکراودا بگەڕێن) هاوکێشەیەکی باو بێت، ئەوا مرۆڤایەتی ئەوکاتەی ژنی خست و لەدەستی دا، ونیشی کرد. چینی کاستیک لێرەوە دەستیکردووە بە ڕێکخستنی بنیاتنانی سەروەری خۆی و بە شێوەیەکی توند و زبرتر بە ڕۆژی ئەمڕۆی گەیاندووە. ئەگەر ئازادیی ژن بکرێتە بنچینەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و جەوهەر و پێشەنگی، ئەوا دەکرێت باس لە هەوڵی ڕاستکردنەوەی دۆخەکە بکرێت.

پەیڕەوکردنی ناچارییەکانی یاسا فیزیاییەکان بە سەر مێژوو و کۆمەڵگە و داهاتوو و ئاڕاستەپێدانی بەرەو قەدەرگەراییەکی تەواوەتیی، یەکێکە لە گرنگترین گرێکوێرەکانی مارکسیزم. بۆچوونێکی نەگۆڕ و ڕەهای داناوە لە شێوەی ئەوەی کە دەڵێن هەرچۆنێک بێت، دوای زستان بەهارە و هەموو شەوێک ڕۆژێکی لەدوایە، بەدوای سەرمایەدارییشدا سوسیالیزم هەر دێت و ئەمەش ڕەوتی ڕاستەقینەی مێژووە»، ڕێبەر ئاپۆ ڕەخنەی ئەمەشیان لێ دەکات و ناشیاوییەکەی دەسەلمێنێت و دەشڵێت: «ئەو گۆڕانکارییەی من دەمەوێت لە هەڵسەنگاندنی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکاندا بیکەم، پەیوەستە بەو بۆچوونانەوە وا سەبارەت بە ناچاریی و ڕێکەوتەیی





دەکرێن. چەمکی هۆکارگەرایی توند و ڕەوتی ڕاستەهێڵیی لە سیستەمی فیکری ڕۆژئاوادا، کە سەرچاوەکەی لە چەمکی خۆی و یاسا خوداوەندییەکاندا دەبینێتەوە، بە پەرەسەندنەکانی فیزیای کوانتۆم و کۆسمۆس، ئیدی واقیعییەتی خۆی لەدەست داوە. لە دیالەکتیکی پەرەسەندندا، ماوەی گێژاو (CHAOS RANGE) لە گشت دیاردەیەکدا خۆی دەردەخات. گۆڕانکاریی چۆنایەتیی پێویستی بەو دۆخەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەردەوامیی و بەرەوپێشچوونی بەردەوام لە ڕاستەهێڵدا نابەرجەستەییەکی زیهنیی و هەڵوێستێکی میتافیزیکییە. ڕەوتکردنێکی ڕاستەهێڵیی لەو ماوەیەوە هەمیشە دەستەبەر نابێت. دەکرێت پەیوەندیی چەندین هۆکار لەو ماوەیەدا ڕێ بۆ چەندین پەرەسەندنی جۆراوجۆریش ئاوەڵا بکات.

بەپێی تێگەیشتنی ڕێبەر ئاپۆ بۆ دیالەکتیک، هیچ ڕەوشێکی وەها لە ئارادا نییە کە (لە ماوەی گێژاو)ەوە لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، مسۆگەر بەرەو سۆسیالیزم بچێت. ڕەنگە جۆرە کەسێتییەکی دواکەوتوو و فاشیست و کاستیکێکی بکوژی وەک لە نموونەی ترامپدا دەبیندرێت، سەر دەربکات و ببێت بە سەرۆکایەتیی هەژموون. هەموو شتێک بەندە بە ئاستی تێگەیشتنی گەلان، بیروباوەڕ، پارت و لایەنەکان لە پرۆسەکە و ئاستی ڕێکخستن و تێکۆشانیان. هێزەکانی تێکۆشانەکە چۆنێتیی شێوەگرتنی ئایندە دەستنیشان دەکەن.

هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە نێو گێژاوێکی گەورەدان. سیستەمی دەسەڵاتی ئێستا لە ئاستێکی باڵادا ئەو هەلەی لەدەست

داوە کە بە ڕەخساندنی ڕەزامەندیی و بەدەستهێنانی ڕەوایەتیی کۆمەڵگە درێژە بە خۆی بدات. بۆ نموونە، ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ کە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەستنیشان کرد، هەڵوەشاوەتەوە. ئیسرائیل، فەلەستین، لوبنان، سووریا، کوردستان، ئێران و دەوڵەتی تورک هەموویان لە قەیرانێکی گەورەدان. کاتێک ناتۆ لە دوایین لوتکەی خۆیدا ٪٥ی بودجەی وڵاتانی ئەندام بۆ خەرجییەکانی ناتۆ تەرخان دەکات، ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەموو فەرمانڕەوایان خۆیان بۆ جەنگ ئامادە دەکەن. هەروەها کاتێک ئامادەکارییە سەربازییەکانی خودی دەوڵەتەکانیش لەبەرچاو دەگرین، دەبینین ژیان سەرتاپێ بەپێی جەنگ دیزاین دەکرێت و دارایی دەخرێتە خزمەتی قۆرغکارانی جەنگەوە. شەڕی گەرمی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و ئێران، کە ئەمەریکاش چالاکانە بەشداریی کرد، نیشانی دا کە چۆن وێرانکارییەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. هەموو ئەمانە قەیرانی گێژاوی سیستەمەکە دەردەخات. بەڵام لەبەر ئەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەکاریی و ڕێکخستنی جدیی و قووڵیان نییە، ڕەنگە ئەم گێژاوە زۆر قووڵتر ببێتەوە و فاشیزم ریشەگیر ببێت. ئەمە ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو نییە. ڕاستییەکەی پرۆسەیەکی لەم چەشنە دەستی پێ کردووە.

ڕێبەر ئاپۆ ئاماژە بەوە دەکات کە سۆسیالیزم بە دۆخی قەیران و ململانێی وەها دانامەزرێت، ئەگەر داشبمەزرێت، بەردەوام نابێت، چونکە کۆمەڵگەی دیموکراتیک و سۆسیالیزم، کۆمەڵگەی ئاشتیخوازنە نەک شەڕ. هەر بۆیە بۆ بالادارکردنی ئاشتیی؛ بە





پێشەنگایەتیی ژنان و گەنجان، ڕێکخستنی هەموو بەشەکانی دەرەوەی دەوڵەت بە پێودانگی کۆمیناڵیزم، بووە بە ئەرکی سەرەکیی ئەم سەردەمە.

## کۆمیناڵیتە بەرهەڵستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەبێتەوە

کوردستانیش یەکێکە لە پێشەنگترینی ئەو وڵاتانەی لە جوگرافیای یەکەمین پەرەسەندنی مرۆڤایەتییدایە. هەموو داتا شوێنەوارناسییەکان، ئەنترۆپۆلۆژیی و توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن. پێگەی ناوچەکە لە نێوان دوو ڕووباردایە، بوونی دەریاچەکان، دەوڵەمەندیی سەوزایی و شیپانی وەرزەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە سەرەتای پەرەسەندنی خێرای مرۆڤایەتیی و درووستبوونی کلاندا. ناوچەیەک بووە کۆمەڵگەکانی دایکسالاریی زوو گەشەی لێ سەندووە و بڵاو بوونەتەوە. ئەمە هاوکات زەمینەسازیی بۆ هێرشبردنە سەر کلان، ژن و کۆمیناڵیتەی ژنی لەگەڵ خۆی هێنا.

کۆمیناڵیتە لە کلانەوە بۆ قەبیلە و خێڵ و هۆز بەردەوام بووە. ئەوانەی لەلایەن چینە کاستیکەکانەوە بەکۆیلە کران، کران بە کۆیلە و ئەوانی تریش لەچوارچێوەی هۆز و خێڵدا بەرەو شاخ، دۆڵە قووڵ و دارستانە دوورەدەستەکانی دەوڵەتی کۆیلەدار کشاونەتەوە. لە کاتێکدا هۆز بە شێوەیەکی سرووشتیی کۆمیناڵیتەی خۆی پاراستووە، هاوکات ڕۆڵی ڕێکخراوێکی بەرگریی ڕەوای بینیوە.

کۆمیناڵیتە بەم شێوەیە بەرخۆدانی کردووە و درێژەی بە خۆی داوە. ئەمەش تەواو گوزارە لە مێژوومان دەکات.

ڕێبەر ئاپۆ لە مانیفێستی کۆمەڵگەی دیموکراتییدا بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر ئەم دۆخە دەخاتە بەرچاو و دەڵێت: ‹‹کرۆکی پێکدادانانی نێوان مادەکان و ئەریستۆکراتەکانی فارس دەگەڕێتەوە بۆ دوو جەمسەربەندیی؛ ‹ئایا ئێمە دیموکراسی بین یان پاشایەتی؟› دیارترین دەربڕی ئەم مشتومڕەی نێوان بەدەوڵەتبوون و کۆمۆنیزمبوونە؛ شەڕی نێوان ئاستیاگ و هارپاگۆس و ساتەوەختی ئەو شکانە مێژووییەیە کە لەو خاڵەدا هاتووەتە ئارا... لەبەر ئەوەی ئاستیاگ سەرۆکی کۆنفیدراسیۆن بووە و بە دەوڵەتبوونی ڕەت کردووەتەوە، ڕووبەڕووی ناپاکیی ناوخۆیی هارپاگۆس بووتەوە...››

کاتێک ئەو چوارچێوەیەی ڕێبەر ئاپۆ دایناوە، هەروەها کاتێک خوێندنەوە بۆ مێژووی کوردستان و بەرخۆدانەکان دەکرێت، وەها ڕاست و گونجاوترە کە لەسەر بنەمای هێرشەکانی دەوڵەت بۆ سەر کۆمیناڵیتە و خۆڕێکخستن و بەرخۆدانی کۆمیناڵیتە بەرانبەر بەو هێرشانە شیکار بکرێن و چارەسازیش دەبێت. چونکە لەگەڵ گەشەسەندنی دەوڵەت لە میزۆپۆتامیای خوارو، هێرشی چڕوپڕیان کردە سەر کوردستان بۆ تالانی سەروەت و سامانەکەی و کۆیلەکردنی خەڵکەکەی، بە تایبەتیش ژنان و منداڵان. کوردیش لە فۆرمی قەبیلە و خێڵ یاخود کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکاندا کە کۆمیناڵیتەی خۆیان دەپارێزن، بەرخۆدانیان کردووە. بەمەش بوون و ناسنامەی خۆیان بەرجەستە کردووە و هەستی





نیشتیمانییان لەخۆیاندا گەورە کردووە. خوێندنەوەی مێژوو لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە کۆمۆن یان کۆموناڵیتا تیۆرێک نییە لە دەرەوە هاوردە کرابێت، بەڵکوو ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دایە و داپیران و باوباپیرانمان کە لە میزۆپۆتامیا و کوردستان ژیاون. ڕاستییەکەی دوای ئەوەش لە وەڵامی هێرشە داگیرکارییەکانی ئیمپراتۆرییەتە داگیرکەرەکاندا بۆ سەر خاکی کوردستان، لە کاتێکدا کۆمەڵێک لە تاکەکەسەکانی چینی سەردەست دەبوون بە سیخوڕ و بەکرێگیراو، ئەوانەی دەمانەوە کە ئەندامانی قەبیلە و خێڵەکان بوون، بۆ پاراستنی کۆمیناڵیتەی خۆیان بەرگریان کردووە. ئەمە لە ئاستێکی بەرچاودا گوزارشت لە ناوەڕۆکی سەرجەم هێرش و بەرخۆدانەکانی گەلەکەمان دەکات. لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، دەتوانین پێناسەیەکی لەم شێوەیە بۆ هەموو بەرخۆدانەکانیش بکەین. بەرخۆدانەکانی کۆچگیریی، شێخ سەعید، ئاگریی، سەید ڕەزا و قازیی محەمەد لە ڕووی فۆرمی کۆمەڵایەتییەوە دەگەڕێتەوە بۆ قەبیلە و خێڵ. ئەوەی لە باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشووریش هەیە، هەر هەمان شتە. بێگومان ئەو ڕاستییەش لەبیر ناکەین کە هەندێک لەو هۆز و خێڵانەی پەیوەندییان کردووە بە دەوڵەتە داگیرکەر و تالانکار و هێزە هەژموونگەراکانی سەرمایەدارییەوە، چۆن بوون بە سیخوڕ و بەکرێگیراو و بوون بە دەوڵەت، لێرەشدا واقیعی ئەو جاشایەتییەشمان لە بەرچاوە وا لە باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا هەیە.

## سەرکەوتنی شۆڕش بەندە بە قووڵبوونەوە لە دیالەکتیکی ئاپۆچییدا

پاش ئەم ڕوونکردنەوە زۆرە، پێویستە ڕاوەستە لە سەر هێڵە گشتییەکانی ڕۆڵی تێگەیشتنی ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیدا بکرێت. تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە ناوی بە خۆیەوەیەتی؛ ئاماژەیە بۆ زاڵبوون، ڕووخاندن و تێپەڕاندنی ئەو دۆخە سیاسیی، کۆمەڵایەتییەی وا ڕێگر و سەرکوتکار و شێوێنەرە، ڕێگە بە گەشەسەندن نادات و بێزارکەرە. بۆ زاڵبوون یان ڕووخاندنی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێی ئازادیخواز و دیموکراسیی لە جێگەکەی، دەبێت بەر لە هەموو شتێک بگەینە زانیاریی سەبارەت بە کێشەکانی بەردەممان و سەرچاوەی زانیارییەکان. بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکەش، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی وردە. ئەمەش پێویستە بۆ گەیشتن بە زانیاریی درووست. چونکە بەبێ زانیاریی درووست، لە کێشەکانی بەردەممان تێناگەین. ئەوەی مایەی تێگەیشتن نەبێت، پێناسە ناکرێت، پێناسە نەکراویش ناگۆڕدرێت. پێویستمان بە میتۆدێکە، هەم بۆ پێناسە و شیکار، هەم تێپەڕاندن و گۆڕانکارییش. هەربۆیە ئاشنابوون و نەبوون بە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی هەڵبژاردە نییە، بەڵکوو ناچارییە. یەکەم هەنگاو لە سەر ڕێی شۆڕش فێربوونی میتۆدەکانی گۆڕانە. داخۆ ئەرکێکی سەختی وەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکرێت بەبێ فێربوونی میتۆدە بنچینەییەکانی شۆڕش جێبەجێ بکرێت؟ ئاشکرایە ناتوانرێت بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی





و سیستەمی کۆلۆنیالیزم لە سەر تاک و کۆمەڵگەکانمان، گرنگیی تێگەیشتن و دەرککردن بە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت. لە کوردستاندا ئەو وانانەی کۆلۆنیالیزم و مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە قوتابخانەکاندا دەیڵێنەوە و خەڵکەکەمان فێر دەکەن؛ پەلکێشکردنی خەڵکە بۆ خۆڕادەستکردن بە سیستەم و هێنانە سەر ڕێگەکانی بوون بە باشترین ئەندامی. هەڵوەشاندنەوە و تێپەڕاندنی سیستەمێک کە لە مێشکدا ڕەوایەتیی وەرگرتووە، تەنانەت بە خەیاڵی کەسیشدا نایەت. نابێت لەبیرمان بچێت کە داگیرکەران و هاوبەش و هاوکارەکان و خودی هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە پەروەردە، ئایین، کەلتوور، سیاسەت و هونەر و... هتد، نەک پرس و لێپرسینەوە، بەڵکوو مرۆڤایەتیی هەڵوەدای قەبوولاندن و خۆبەدەستەوەدان دەکەن. کەواتە سەرەتا دەبێت بە دیدگایەک بگەین کە شێوە باوەکانی بیرکردنەوە، خوو و پەرچەکردارەکانی زاڵبووی سەر کۆمەڵگەکەمان تێپەڕ دەکات.

بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئەم پرسیارانە بکەین: بۆچی و چۆن دەبێت بە سەر سیستەمی ئێستا و دەسەڵات و شێوازی ژیانیدا زاڵ ببین؟ بەبێ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی دەبێت بە سەریدا زاڵ ببین، تەنانەت ناتوانین بچینە سەر چۆنێتی تێکۆشانیش. میتۆدی گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکییە. بە شێوەیەکی سادەتر، کلیلی بە سەرکەوتوویی ئەنجامدانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە؛ دیالەکتیکی ئاپۆچییە، فەلسەفەی ئاپۆچییە.

ڕێبەر ئاپۆ نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر لەسەر ئەم بابەتە

نووسیویەتی: «تا بە دیدگایەکی درووست و پتەو بۆ جیهان نەڕوانرێت، بە دیدگایەکی درووست و زانستیی خوێندنەوەی دیاردەی سرووشت و کۆمەڵگە و شۆڕشگێڕییەکانیش بەدی نایەت. بەبێ ئەوانە ناتوانین لە زۆر بواردا پێشکەوتن بەدەست بهێنین و ئەو کێشە فرە لایەنانە چارەسەر بکەین وا ژیان دەیخاتە بەردەممان. هەر لەبەر ئەوەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیری کێشە فرەڕەهەندەکانی، هەر لە ڕێکخستنی ئابووریی کۆمەڵگەوە تا ڕێکخستنی سیاسیی، هەر لە دیاردەی شۆڕشگێڕییەوە تا بە کێشەیەکی تەکنیکیی و بە گشتیی هەموو جۆرە کێشەیەکی بەردەممان دەگات، دەبێت دیدگای جیهانبینیی کەسایەتیی میلیتان درووست و پتەو بێت».

مەبەست لە دیدگا؛ ماتریالیزمی دیالەکتیکییە. بێگومان ماتریالیزمی دیالەکتیکی تەنها لەبەرکردنی چەند بڕگەیەک و خوێندنەوە یان وتنەوەیان نییە لە کاتی پێویستدا. پێویستە مرۆڤ بە دیالەکتیکی ئاپۆچیی لە پەرەسەندن و دژایەتیی و ناکۆکییەکان بکۆڵێتەوە و لێکی بداتەوە و بە شێوازێکی شایان و شیاوی ئەو دیالەکتیکە دەست بەکار بکات.

شتی تاریک، نەبینراو و ناڕوون و نادیار هەمیشە دوودڵیی و گومان درووست دەکەن، بەڵام شیکارکراو، ڕوونکراوە و یەکلاکراوەکانیش ئاسوودەیی و متمانە بەخۆبوون و مۆراڵ و وره درووست دەکەن. بۆیە شیکردنەوەی بەهێزی هەوڵ و هێرشە ئایدیۆلۆژیی-سیاسیی-





سەربازییەکانی هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و داگیرکەران و پێشبینیکردنی لە سەر زەمینەیەکی ڕاست و درووست، وزە و توانستی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤ زیاتر بەرز دەکاتەوە.

ئەسکەندەر بە هێزی دیالەکتیکیی ئیسلامیی ئەورووپایی فارسەکانی تێپەڕاند. چونکە ئامانجەکانیان ڕوون بوو، زۆر باشتر تێگەیشتنیان هەبوو و دەیانزانی هێزی دژبەریان چۆنە و چۆن دەتوانن بەرەنگارییان ببنەوە، ئەمەش ئەوانی بەسەرکەوتن گەیاند. چونکە ئەوان زانیاریی و میتۆدی زانینیان هەبوو بۆ سەرکەوتن.

لینین سەبارەت بە دیالەکتیک دەیگوت: «گیانی داهێنەرانە و شۆڕشگێڕییە»، کەمال پیریش دەیگوت: گیانی ئاپۆچیی›یە!

کەواتە ئەوەی گیانی داهێنان و شۆڕشگێڕانەی نەبێت، نە دەتوانێت شۆڕشگێڕ بێت و نە لە شۆڕشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. هەربۆیە، پەیوەندیی نێوان دیالەکتیک و تێکۆشانی شۆڕش و شۆڕشگێڕانە، ناڕاستەوخۆ یاخود ناڕوون نییە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ و بەرجەستەیە. دەبێت بەم بەرجەستەییەوە لە دیالەکتیکی ئاپۆچیی بگەین و بیکەین بە ڕێنوێنیی ژیانی و تێکۆشان. دەبێت مسۆگەر ئەم میتۆدی بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ بدەین و جێی چارەسەرنەکراو بە چارەسەر، نائومێدیی بە ئومێدەوار، ڕەشبینی بە گەشبینیی، دوودڵیی بە بڕیار، و دۆگماتیزم بە داهێنان، پڕ دەکاتەوە.

## بە دیالەکتیکی ئاپۆچیی و پراکتیزە داهێنەرانەکەی لە ماوەی گێژاو تێپەڕ دەبین

جەنگ سێهەمی جیهانیی لە کوردستان و ناوچەکە دژوارتر بووە و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا دێتە ئارا. هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بلە ڕێی شەڕی هەمەچەشنەوە تێکۆشانی هەژموونەکەی دەکات. سیاسەتی دەوڵەتی نەتەوەیی لە مایەپووچییەکی زۆر گەورەدایە. توندوتیژیی دژی ژنان بەربڵاو بووە. قەیرانی ئابووریی و دارایی قووڵتر بووەتەوە. دارمانی گەورەی کەلتووریی و تێکچوونی باری ئەخلاقیی لە ئاستێکی باڵادا مرۆڤایەتیی لەناو بردووە. هەژاریی، بێکاریی و نایەکسانیی لە دابەشکردنی داهات بەردەوام هەڵدەکشێت. بە کورتیی، چەمکی «ماوەی گێژاو» بە هەموو ڕەگوڕیشەیەکییەوە بە نێو ژیاندا ڕۆچووە. بەڵام نە هێزەکانی ناوچەکە، نە دەسەڵاتە ئایینییەکان، نە دەسەڵاتە سکۆلارییەکان و نە دەسەڵاتە هەژموونگەراکانیش، هیچ چارەسەرێکیان نییە لە بەرژەوەندیی گەلان، ژنان، کرێکاران و تێکڕای هێزە کۆمیناڵەکان و هاوسەنگیی ژینگەدا بێت و کۆتاییش بەو گێژاوە بهێنێت. چونکە چینی کاستیک لە کەسایەتیی ترەمپدا بەرجەستە بووە و لەگەڵ هاوتاکانی دەسەڵاتیان گرتووە. ئەگەر باس لە چارەسەرێکیش بکرێت، چارەسەرەکی تر بەدی ناکەن جگە کۆنترۆڵی یەکجاری ئەو دەسەڵاتەی دژی دەجەنگن. مەبەستیان لە ئاشتیی؛ سەروەریی ڕەها و کۆنترۆڵی ڕەهایە. تەنانەت وەک لە نموونەی ئیسرائیلدا دەبیندرێت، مەبەستیان لەناوبردنی





یەکجارەکییە. بەشی زۆرینەی ئەو هێز و لایەنانەی خۆیان بە سۆسیالیست، شۆڕشگێڕ و... هتد دەزانن، هێشتا هیچ چارەسەر یان ڕێکخراوەییەکیان نییە کە توانای تێپەڕاندنی سیستەمی هەبێت. نەدۆزینەوەی چارەسەر لە ژینگەیەکدا کە ناسنامەی هەموو کەسێکی لێ یەکلا بووەتەوە، ڕاستییەکەی پەیوەندیی هەیە بە تێنەگەیشتن لە ئاڕاستەی جیهان، نەبینینی دیاردە نوێیەکان و هەوڵنەدان لە پێناویدا. هێشتا پێداگریی لە سەر درێژەدان ڕابردوو و پێناسەکردنەوە بە فۆرمولە کۆنەکان دەکرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە لە ماوەی ١٠-١٥ساڵی ڕابردوودا، بە تایبەتیش لەم ٣ بۆ ٤ ساڵەی ڕابردوودا، هەموو نۆرمە باوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو تێک چوون. پێناسەکردنی درووستی بارودۆخەکە و پەرەپێدانی گوتار و ڕێکخستن و کرداری نوێی تێکۆشان بووەتە ئەرکێکی بەپەلە. هاوکات هێزە کۆمیناڵیتەکان هێشتا دوورن لە پێناسەی درووست بۆ خۆیان، بۆ مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و دامەزراندن و گرنگیدان و ڕێکخراوەیی و کردارەکانی.

دوایین مانیفێستی ڕێبەر ئاپۆ جگە لە ڕەخنەکانی لە مارکسیزمی کلاسیک، کاتێک ڕەخنە لە PKKش دەگرێت، کە خۆی دامەزرێنەرێتی، دیارە بە شێوەیەکی بەرچاو بەردی بناغەی ڕزگاربوون لە گێژاو دادەنێت. ئەمە بێگومان تازەیە و هێشتا لە ژێر هەلومەرجی بەرتەسک و زیندان و گوشاری قورسی داگیرکارییدا خستوویەتییە بەر گفتوگۆ. هەرچەندە ڕەگەکانی بۆ سەرەتای سەدەی بیستویەک دەگەڕێنەوە، بەڵام مەرجی گۆشەگیریی قورسی

ڕێبەر ئاپۆ و شاڵاوی هێرشەکانی داگیرکەران بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگرە لە بەردەم بڵاوبوونەوەی پارادایمی نوێ. کاتێک کەموکوڕییەکانی تەڤگەرەکەشی بۆ سەربار دەخرێت، سنووورداربوونێک بە سەر بە جیهانیکردنەوەی پارادایمی چارەسەری ڕێبەر ئاپۆدا زاڵ دەبێت.

مرۆڤایەتیی لە ڕەوتی جیهانی ئێستا ناڕازییە و ڕەخنەگرە، وزە و هێزێکی گەورەی هەیە. لەگەڵ ئەوەش، هێشتا ئەقڵییەتێک دەرنەکەوتووە بتوانێت ئەم وزەیە بە شێوەیەکی کاریگەر و بەرچاو لە شوێن و کاتی گونجاودا بخاتە کار. بۆیە ڕەنگە لە هەموو قۆناغێک زیاتر پێویستمان بەوە بێت، لەم پرۆسەیەدا بە گیانی شۆڕشگێڕیی و بەرهەمهێنەرانەی دیالەکتیکیی بیر بکەینەوە و بە میتۆدی گونجاو پەرە بە بەدواداچوون و گفتوگۆکانمان بدەین. ناچارین خۆمان لەو دۆگما و تیۆرییە زارەکییانە ڕزگار بکەین وا بەرەو دواوە پەلکێشمان دەکەن.

گۆڕان خۆی دەسەپێنێت، بەڵام ئەگەر ئەقڵی گۆڕان گەشەی نەکردبێت، گێژاو قووڵتر دەبێتەوە، زوڵم، ستەم، ، پووکانەوە و گەنین زیاتر دەبێت. هەڵگرتنی درووشمی پاسیڤیزمی وەک (هەرچۆنێک بێت، شەو ڕۆژی لەدوایە)، تەنیا ژمارەی هاوشێوەکانی ترەمپ، نەتانیاهۆ، تەیب، پوتین و ...هتد زیاد دەکات.

لە هەلومەرجی ئێستای جەنگی جیهانییدا، پێویستە بە گشتگیریی ئەو پرسیارانە گفتوگۆ و یەکلا بکرێنەوە کە دەبێت چی بکرێت،





بۆچی دەبێت بکرێت، چۆن بکرێت و لە کوێوە دەست پێ بکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ملکەچی دۆگماتیزم بێت یان نکۆڵیی لێ بکرێت، هاوکات نابێت خۆمان لەناو جۆشوخرۆشی ئەم گفتوگۆیانە بەخنکاندن ببەین. بۆیە ئەمڕۆ تاوتوێکردنی دیالەکتیک، لێکدانەوەی کێشەکان بە درووستترین و ڕاستترین میتۆد، لە هەموو کاتێکی تر گرنگتر و ژیانییترە.

## تێگەیشتن لە ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمونالێتەی ئاڕاستەپێدەری مێژوو؛ بنچینەی سەرکەوتنە.

لە سەرەوە ڕاوەستەمان لە سەر پێناسەی مارکس کردبوو، کە مێژوو بە تێکۆشانی چینایەتیی ڕوون دەکاتەوە. دیارە بەر لە چینەکانیش مێژوویەک هەیە و ڕۆژ و ساڵەکانی خوڵقاندنی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، پیرۆزییشن. فەرامۆشکردنی ئەمانە بابەتێکی جیایە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک بخەینە سەر گرنگیی و واتایان سەبارەت بە گەلان، ژنان و ڕەنجدەران.

لەگەڵ جەختکردنەوەکەی ڕێبەر ئاپۆ لەمەڕ ئەوەی «مێژوو شەڕی چینەکان نییە، بەڵکوو تێکۆشانی نێوان دەوڵەت و کۆمۆنەیە»، لەم بەشەدا ڕێنماییەکی نوێ دەستنیشان دەکەین و تیۆری چینایەتیی بە وەرچەرخانێکی ڕژددا دەبات. ڕەنگە شۆڕشێک لە بیرکردنەوەدا بکەین. پرەنسیپی بنەڕەتیی ئەم وەرچەرخانە ئەمەیە: «مێژوو شەڕی چینەکان

نییە، بەڵکوو شەڕ یاخود تێکۆشانی نێوان دەوڵەت و کۆمونەیە».

وەک شۆڕشگێرانی سەردەمی نوێ، هەڵبەت کۆمەڵێک ئەزموون هەیە و دەبێت ئێمەش لە مێژووەوە وەری بگرین و پێویستیشە. زۆر نووسراو و گفتوگۆی لە سەر کرا، پەروەردە و پڕوپاگەندەی بۆ کرا، کار بۆ ڕێکخستنی کرا. بەڵام وەک ڕێبەر ئاپۆ ئاماژەی پێ دەکات: ‹‹تیۆری شەڕی چینایەتیی، بە تیۆریی و بە پراکتیکیش سەرپاک دووچاری شکست بووە. سۆسیالیزمی بنیادنراو نموونەی بەرجەستەیەتی...››

ئەگەر بڵاوبوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلس لە ساڵی ١٨٤٨ و لە ژێر ناوی سۆسیالیزمی زانستیی بە سەرەتایەک دابنێین، ئەوا تێکۆشانێکی ١٧٧ ساڵە جێگەی باسە. هاوکات هەر ئەم فۆرمەی سۆسیالیزمیشە کە لەلایەن هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە زۆرترین ڕەخنەی لێ دەگیرێت. تەنانەت چەمکی (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم)یش بۆ جوێن و سووکایەتیی بەکار دەبەن. دوێنێ بەو شێوەیە بوو، ئەمڕۆش بەم شێوەیەیە. بە ئەندازەیەک، لە جیهانی ئەمڕۆدا دۆخێک سەری هەڵداوە، کە هیچ خاوەندارێتییەکی ڕژد و قووڵ و گەورەی لێ ناکات. تا ڕادەیەک هاوشێوەی ڕۆژانی ٨ی ئادار و ١ی ئایاری تێکۆشانی چینی کرێکار، لە ئەمریکاش بکوژێکی کاستیکی وەک ترامپ دەستبەکارە. ترەمپ کودەتای سەربازی نەکردووە، بە دەنگی -هەزارویەک فرتوفێڵ- هاتووەتە سەر کار. قەبوولی بکەین یان نا؛ دەیان ملیۆن کەس پشتیوانیی لێ دەکەن و شەرعییەتی یاسایی هەیە. هەڵبەت ئەمە بە ڕووداوێکی سادە لەقەڵەم نادەین.





لەو ئەڵمانیایەی سۆسیالیزمە زانستییەکەی مارکس و ئەنگلس تێیدا سەری هەڵدا و بە بیبڵر، ڕۆزا و کارل لیبکنێخت و هاوەڵەکانیان بزووتنەوەی سۆسیالیستی گەشەی کرد، گۆڕا بۆ نیشتمانی هیتلەر. لە ئەڵمانیای ئێستا، کە بەشێکی نزیکەی (٥٩) ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی سۆسیالیزمی بنیادنراودایە، ئێستا بووە بە گۆڕەپانی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی کۆنەپەرستیی فاشیستیی.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، وەک ئیتاڵیا، ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ڕۆمانیا، بولگاریا و... هتد دۆخەکە زۆر جیاواز نییە. ڕێبەر ئاپۆ تووڕەیی خۆی لەمەڕ ئەم دۆخە و بیرۆکەی ئەڵتەرناتیڤی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێت: ``... بەدواداچوون بەردەوامە؛ چونکە هێشتا خوێنی چەوساوەکان و کۆمۆنارەکان وشک نەبووەتەوە. تەنانەت ئەو دڕندەیەی پێی دەگوترێت سەمایەداریی بە (پاشەڕۆ) ناویان دەبات. نزیکەی لە ٩٠٪ی کۆمەڵگە وەک (پاشەڕۆ) یان پیسبوویێک فڕێ دەدرێتە نێو سەرەنوێڵک و زبڵدانەکانەوە، ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە. ئیدی کێشەکە پەیوەندیی بە چەوساندنەوە یان ستەملێکرانەوە نییە، بەڵکوو فڕێدران بۆ پێگەیەکی دەرەوەی مرۆڤایەتیی، خاڵی لەناوچوون و نەمانی مرۆڤایەتییە. ئەم شتەی پێی دەوترێت سەرمایەداریی، دڕندەیە. بۆ ڕاوەستاندنی ئەو دڕندەیەش، پێویستمان بە دەربازبوونێکی ڕاست و ڕاستەقینەیە لەو قەیرانەی سۆسیالیزمی بنیادنراو درووستی کردووە. کار دەکەین بۆ شیکردنەوەی لەگەڵ بنەما مێژووییەکانی و خستنەڕووی ڕاستییەکانی.``

ڕێبەر ئاپۆ لە ناهەمووارترین هەلومەرجدا درێژە بەم کارەی دەدا.

له ئەنجامی ئەم کارەدا گەیشتووەتە تێگەیەکی ڕاست و درووست له مێژوو، پێویستە مانا و گرنگیی تێگەیشتن له مێژوو لەبیر نەکەین.

کۆمینالیتەیە کە مێژوو دەنووسێت، ژنیش دەستنیشانکەری کۆمینالیتەیە. چونکە کۆمەڵگە لە دەوری شێوە دەگرێت. دوای شێوەگرتنی کۆمەڵگەی (کاستیک) پلەداریی، هێرش و پەلاماری بۆ سەر ژن ڕێککەوت نییە. بە هێرشکردنە سەر کۆمەڵگە یان کۆمەڵگەگەلی کۆمینالیی بەرهەم، ژن بە دەستی دەستە و گرووپە پیاوبکوژەکان، مێژوو دووچاری قڵیشانی گەورە دەبێت. لە کاتێکدا دەوڵەتبوونێک لەژێر ئەو دەسەڵاتی پیاوەی ڕێبەر ئاپۆ بە نوخبە یاخود چینی کاستیکی بکوژ ناوزەدەی دەکات، پەرە دەستێنێت، لە لایەکەی تری ئەو قڵیشانەشدا قەبیلە و خێڵەکان دژی ئەو ڕێکخراوە کاستیکە مەترسیدارە ڕاوەستاون. ئەم شەڕەشیان بووە کە ئاڕاستەی بە مێژوو داوە. پێویستە بەم واتا و گرنگییەوە کاری زیاتر بۆ تێگەیشتن لە مێژوو بکرێت.

بە تایبەت پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا، دۆزینەوەی نوێ لە بوارەکانی شوێنەوارناسیی و ئانترۆپۆلۆژییدا دەهێنێت. شوێنی زیاتر دەدۆزرێتەوە و پێدراو و زانیاریی زیاتر بەدەست دەهێنرێت. سەرەڕای ئەمەش، ناتوانین وەک ڕابردوو خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ مێژوو بکەین. هەموو داتا و ماتریاڵێک ڕێگە بۆ گفتوگۆیەکی نوێ خۆش دەکات و لێکدانەوەی نوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

دۆزینەوەی خراپڕەشک و گردی ناوک، کە ناوێکی تورکیی





دەستکردی وەک گۆبەکلی تەپەی بۆ هەڵبەستراوە، ئەو پەندەی تێکشکاندووە وا دەڵێت: «مێژوو بە سۆمەر دەست پێ دەکات». ئێستا داتاکان خراپڕەشکمان پێ نیشان دەدەن. ڕەنگە لە داهاتوودا، شوێنێکی تر دەرفەتی هەڵسەنگاندنێکی ترمان بۆ بڕەخسێنێت و سەرنجی هەموومان ڕابکێشێت.

بە ڕاستیش کاتێک داتا نووسراو و بینراوەکان دەخرێنە بەر توێژینەوە، نهێنیی چۆنێتیی هەڵکۆڵینی ئەو تەنە بەردە هەڵکۆڵراوانە و گواستنەوەیان لە ڕێگەیەکی چەندەها کیلۆمەتریی و چۆنێتیی تەکنیکی گواستنەوەکەی بە پەنهانیی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەش، بابەتێک هەیە و هەمووان لە سەری کۆکن، ئەویش ئەوەیە کە هێزێکی ڕێکخراوەیی گەورە هەبووە، ئەقڵ و ئیرادەیەکیش هەبوو کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو هێزەی هەبووە بۆ ماوەی چەندەها ساڵ. بێگومان ڕاستە ئەم کارە لە ژێر فشار، ترس و سزای گەورەدا ئەنجام دراوە. باشە، ئایا ئەو خەڵکانە لە بازاڕی کرێکاری ڕۆژانەدا کاریان کردووە یان بە قەباڵە؟ ئاشکرایە بەو ڕەنگە نەبووە.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە هێرش دەکرایە سەر قەبیلە و خێڵەکان و دیل و دەستبەسەرکراوەکان کۆ دەکرانەوە و بە نانەسکیی کاریان پێ دەکرا. ئەی خۆراکی هەزاران کەس لە کوێوە هاتووە؟ ئەویشیان لەو هۆز و خێڵانە بەتاڵانیان بردووە وا داگیریان کردوون. یاخود هەرێمێک یان زیاتر بۆ دابینکردنی خۆراکی ئەو

بیناسازییە ئەرکدار کراون. لایەنی قایلکردنەکەشی میتۆلۆژیا و ئەفسانە پیرۆزەکان بووە. بۆ یەکەم جار، لە سایەی زۆرەملێوە دەستیان کردووە بە باسی خوداوەندەکان. بێگومان سەردەمێکی پێش زیگوراتی قەشەکانی سۆمەریش هەیە. دیارە ئەنجوومەنی قەشەکان بە ڕۆژێک دانەنیشتن و پرۆژەی دیزاینی زیگوراتەکەیان دارشتبێت و دەستیان بە کار کردبێت. وادیارە لەسەر ئەزموونێک ئەم جۆرە پەرستگا و میکانیزمەی حوکمڕانییەیان دامەزراندووە. دەگوترێت خراپڕەشک پەرستگا بووە. ئەمەش بەو واتایەیە کە ڕەنگە بە نرخی گیانی هەزاران کەس درووستیان کردبێت، بە سەدان هەزاریشیان ناچاری کڕنووشبردن و پەرستنی کردووە و ملکەچیان کردوون. چونکە کاتێک سەیری نەخش و نیگاری ناو ئەو پەیکەرانە دەکرێت، دەردەکەوێت پیرۆزییان بە سەردا کراوە یاخود بەوانە ترسێندراون. ملکەچیی ڕەها، کۆیلایەتیی ڕەها و کارکردن تا مردن بنچینەییە. تەنانەت بچوکترین یاسایەک نەبووە بیانپارێزێت. یاسا تەنیاوتەنیا ئەوە بووە کە بەکۆیلەیی بەردەوام کاریان پێ بکەن، زۆر ببن و لەو چوارچێوەیە دەرنەچن. ڕێبەر ئاپۆ ئەوانە بە «کاستیکی بکوژی کۆمەڵایەتیی» ناوزەد دەکات. بۆ ماوەی (٥-٦) هەزار ساڵ، خوێنیان بە ژنان و ئەو گەلانە هەڵهێناوەتەوە وا بە ئەقڵ و ئیرادەیەکی وەها بەرخۆدان و داکۆکییان لە کۆمیناڵیتە کردووە. ئەمە ئیدی گوزارشت لە دامەزراندنی دەوڵەتی پیاوسالارییەک دەکات کە بە سیستەم بووە.

وا دەردەکەوێت پەرەستگا سەردەرکردووەکانی میسریش، بە





هێزێکی کاستیکی ڕێکخراو و هاوشێوە، جا بەپێی هێرشکردنە سەر ئەو قەبیلە و خێڵانەی ژیانی کۆمیناڵییان هەیە و کۆیلە کراون، دامەزراوە.

ڕێبەر ئاپۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەبێ تێگەیشتن لە چینی کاستێک، لە مێژوو تێناگەین، کۆمەڵناسیی ناکرێت، سۆسیالیزم پراکتیزە ناکرێت، شیکردنەوەکانیش بەپێی پێویست نابن.

گرنگە بە کورتیی ئاماژە بە قۆناغی شێوەگرتنی چینی کاست بکەین. باس لەوە دەکرێت کە دابەشکردنی سرووشتی کار لەسەر بنەمای ڕەگەزی یەکەم دامەزراوە، تێیدا پیاو کاری ڕاوکردنە و ژن ماڵدارییە، ئاوا شێوەی گرتووە. پیاو لە پرۆسەی ڕاوکردندا، فێری فێڵبازیی ڕاوکردن و کوشتن دەبێت و نەوەی دوای خۆی فێر دەکات. کوشتن دەبێتە خوو و شێوازێکی ژیانی. لەلای ئەو تا دەچێت جیاوازیی نێوان کوشتنی مرۆڤ و ئاژەڵ لێڵ دەبێت و نامێنێت. بە شێوەیەک، کاتێک برسیی دەبن، مرۆڤیش ڕاو دەکەن و هەندێکیان دەخۆن و هەندێکیشیان دەگرن و دەیانکەن بە کۆیلە، ژنە کۆیلەکانیش لە سەر بنەمای کۆیلایەتیی بۆ زۆربوون بەکار دێنن و هەوڵ دەدەن ژنان بکەنە سۆزانیی. تا دەچێت لەوانەی بەکۆیلەیان کردوون، یەکینەی سەربازیی تایبەت پێکەوە بنێن، دەستیان کردووە بە فراوانکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتیان و سیستماتیزەکردنی هێرشەکانیان بۆ سەر قەبیلە و خێڵە کۆمیناڵەکان. بەم شێوەیە هەوڵ دەدەن کۆمۆناڵیزم سارد بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هۆز و خێڵەکانیش دەگەنە ئەو ناوچانەی دەوڵەت دەستی پێ ناگات، دەستیشی پێ بگات، ئەنجام وەرناگرێت. لە ناوچە شاخاوی و دارستانەکاندا خۆیان وەک ڕێکخراوێکی بەرگریی ڕێک دەخەن و هەوڵ دەدەن ئازادیی و دیموکراسیی خۆیان بپارێزن. چونکە پێکهاتەکانی کلان، قەبیلە و خێڵ پێکرا، سەرەنجامی سرووشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەم ڕێکخراوەییەش دواتر دۆخی ڕێکخراوێکی بەرگریی سرووشتییانە وەردەگرێت.

ڕێبەر ئاپۆ دەستنیشانی دەکات کە کوردستان ناوەندی ئەو پێکهاتە و بەرخۆدانە کۆمەڵایەتییەیە و دەڵێت: «ئەم دوالیزمە سەرەتا لەم جوگرافیایەدا سەری هەڵدا. بەڵگە هەیە لە سەر چۆنێتیی دروستبوون و پەرەسەندنی. سەیر لەوەدایە ئەم پەرەسەندنانە لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی کوردییدا ڕووی دا کە ناوەکەی لە مێژوودا سڕاوەتەوە، وڵاتەکەی تەنانەت لەلایەن ئەندامەکانی خۆیەوە نکۆڵیی لێ کراوە، واتا بناغەی مێژوو بەم شێوەیە ڕۆ نراوە، بەڵام ئەمڕۆ لە مێژووبوون دەرکراون. ئەمە ناکۆکییەکی سەیرە و پێویستە کاری زۆری لە سەر بکرێت».

بە درێژایی مێژوو دەوڵەتان هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ پاکتاوی کۆمیناڵیتە داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. بەهەمان شێوە نەیانتوانی بەرانبەر کۆیلایەتیی و دەرەبەگایەتیی و سەرمایەدارییشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. نەک تەنیا لە ڕێی بەرخۆدانی خێڵەکییەوە، بەڵکوو





هەوڵ دراوە بە شێوەی فەلسەفییش وەڵامی بدرێتەوە. ڕێبەر ئاپۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەم سەردەمەدا، پێنج ئایدیۆلۆژیای سەرەکیی کۆمیناڵیی سەر هەڵدەدەن. پێگە ناوەندییەکەی گوزارشتە لە زەردەشتیی. بەدوایدا لاوتزو لە چین، بوودا لە هیندستان، ئایدیۆلۆژیای یەهوودیی، پاشان فەلسەفەی سوکراتیی. کە هەر پێنجیان لەسەر بنچینەی کۆمەڵایەتیی سەر هەڵدەدەن. تەنانەت دەهێندە لە کۆمۆنیزمی مارکس کۆمۆنیستترن. ئەو کۆمەڵگە خێڵەکیانەی ئەورووپییەکان پێیان دەگوتن (بەربەرییەکان) و حەوارییەکانی حەزرەتی عیسا بوون ڕۆمایان سووتاند. ڕاستییەکەی حەوارییەکانی حەزرەتی عیسا بە ڕێکخستنی کۆمونە پەرەیان سەند. تەنانەت ئەم کارەیان لە نێو خودی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمادا کرد. حەزرەتی محەمەد لە تاریکترین سەردەمی مێژوودا لە بیابانێکدا سەری هەڵبڕی، لەگەڵ یەکەمین موسڵمانانی وەک ئەبوزەر ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕێک دەخات و هەوڵی بڵاو کردنەوە دەدات. شارێکی وەک مەدینە دەکاتە ناوەندی ئەم هەوڵەی. بەڵام لە ساڵانی دواتردا هەوڵ دەدرێت وەک مەسیحییەت بکرێتە ئایینی دەوڵەت و لە جەوهەری کۆمەڵایەتیی دوور بخرێتەوە. بە دەستی معاویەش دەستوەردان لە کۆمۆنگەرانی ئیسلام دەکرێت. لێرەدا پێویستە بە تایبەت ئاماژە بە قرمتییەکان بکرێت کە بە کۆمۆنەگەرانی ئیسلامیی ناو دەبرێن.

لە ئەورووپا بەرهەڵستکاری بەهێز لە دژی دەرەبەگایەتیی سەر هەڵدەدات. شار و شارەوانییەکان ڕۆڵی کۆمۆن بەدەست دێنن. لوتکەی ئەمەش لە پاریس لە ساڵی ١٨٧١ دێتە ئاراوە. بەڵام هەوڵ

دەدرێت هەموو بەرخۆدانەکان یەک بە یەک لە ڕێی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژییەوە بە توندیی سەرکوت بکرێن.

ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوەیە قۆناغی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی پێناسە دەکات: «سەرمایەداریی ئێستا، دوا قۆناخی کاستیکی بکوژە. گەشەپێدانی ئابووریی بەرهەمدار، هێزەکانی بەرهەمهێنانی و پەیوەندییەکانی لە لایەک، سەرمایەداریی جیهانێکی وەهای درووست کردووە کە چەمکی (پاشەڕۆ) بۆ مرۆڤ بەکار دەهێنرێت. ئاشکرایە تەنیا کۆمەڵگە لە ژێر هەڕەشەدا نییە، بەڵکوو بە ڕای من کۆتایی بە کۆمەڵگە هێنراوە و بنبڕ کراوە. بەگوێرەی فۆکۆ، بە سەرمایەداریی، مرۆڤیش دەمرێت. ئەمە زۆر گرنگە و ئەگەر سۆسیالیزم نوێ بکرێتەوە، دەبێت لەسەر ئەم چەمکە نوێ بکرێتەوە. لە ژێر ڕۆشنایی ڕاستییە مێژووییەکاندا دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێنەوە: ژیانەوەی مرۆڤ چۆن دەبێت؟ یاخود کۆمەڵگەیەکی دژەسەرمایەداریی -کە ناوی سۆسیالیزمە- چۆن دادەمەزرێت».

بە کورتیی مێژوو وەک تێکۆشانی نێوان دەوڵەت و کۆمۆنە دەرکەوتووە نەک وەک شەڕی چینایەتیی و بەم شێوەیەش بەردەوامە. لە تێکۆشانی دژبەیەکی نێوان دەوڵەت و کۆمونەدا واقیعی تیژ، دژەتێز و کۆتێز ڕۆڵ دەگێڕێت. دەوڵەت تەنیا بە سەرکوتکردنی قەبا و کۆمۆنگەراکانیش تەنیا بە یاخیبوون و بەرگریی قەبا شەڕی یەکتریان نەکردووە. ئەم شەڕ و تێکۆشانە دوولایەنە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیی، یاسایی، فەلسەفیی، کەلتووریی و هونەریی و... هتد کراوە و هێشتاش ئەم تێکۆشانە بە شێوەیەکی چڕ و





بەردەوامە. کۆمەڵگەی دیموکراتیی یان سۆسیالیزمی دیموکراتیی لە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی ئاوا قووڵەوە دێت.

لە مێژووی کوردستاندا زەردەشتیی و ماگەکان و بزووتنەوەکانی تری بەرخۆدان لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا دژی داگیرکاریی و تالانکارییەکان سەریان هەڵداوە، لەبناغەدا پشتیان بە قەبیلە و خێڵەکان بەستووە. لە نێو زۆرێک لە قەبیلە و خێڵەکاندا، سەرۆک قەبیلە و خێڵ دەرکەوتوون و هاوکاریی و دەستوپێوەندییان بۆ دەوڵەتان کردووە. سەرەڕای ئەوەش هێشتاش هۆز و خێڵەکان دژی هەموو جۆرە هێرشەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و داگیرکەران لە ئاستێکی بەرچاودا لە پاراستنی کەلتووری ژیانی کۆمیناڵی خۆیان بەردەوامن. دەکرێت نموونەی بەرجەستەی ئەمە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەدی بکرێن. لەم قۆناغەدا ئەو بەها کۆمناڵییانەی لەو دۆخەدا دەژین، بەهۆی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و دەوڵەتە داگیرکەران و چینی بەکرێگیراو خیانەتکارەکانەوە، گورزیان بەرکەوتووە و بەرەو دواوە پەلکێش کراون، دەکرێت بەپێی مانیفێستەکەی ڕێبەر ئاپۆ بۆ بنیادنانی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراسیی، ئەویش بەپێی پێداویستییەکانی ژیان، سەرلەنوێ ڕۆحیان بە بەردا بکرێتەوە و بژێندرێنەوە، چونکە واقیعی مێژوویی و مانیفێستی ڕێبەر ئاپۆ ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە دەکرێت بکرێت. گرنگ ئەوەیە بۆ پراکتیزەکردنی بکەونە کار.

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com